# سوپاس بۆ کامێرا

ئاوات نامیق ئاغا



پۆلی شەشەمی قوتابخانەی کوردی سەرەتایی کوڕان ـ سلێمانی، ۱۹۷۰-۱۹۷۱

## چوونە ناو باس

مامۆستایەکی ئایینیی مزگەوتێکی گەڕەکی ڕزگاریی سلێمانی، کە لەگەڵ دەستەیەک لە پیاوانی گەڕەک، شەوێکی هاوینی ساڵی ۱۹۸۸، میوانم بوو، کاتێک وێنەی هونەرە کلاسیکی و کەسایەتییەکانی وەک شێخی نەمر، حەپسەخانی نەقیب و مستەفا پاشای یامولکی دیتن بە ڕیزە لە ژووری میواندا هەڵواسیبوون، خێرا ئەم بەیتەی پێدا کێشام و وتی:

ڕامەگرە لە ماڵ نە سەگ نە سورەت
ئیللا سەگی پاس وەختی زەرورەت

ئێمە هەر لەئەزەلەوە بەوە ڕاهێنرابووین کە لاپەڕە سەرەتاییەکانی دیوانی زۆرینەی هۆنەرەکانمان و پەرتووکی نووسەرەکانمان پۆرترەیتێکی جوانیانی تێدا ببینین کە هەمیشە دوو دێڕێکیش لە ژێریدا ئەنووسرا کە ڕێبازی ئەو هۆنەر یان نووسەرەی تێدا پوخت ئەبووەوە. تەنانەت سافی هیرانی کە پیاوێکی ئایینیی فرەپارێزگار بووە و بەوەش ناسرا بوو کە نەیهێشتووە وێنەی بگیرێت، پۆرترەیتێکی هەرەجوانی لە پێشەکیی دیوانەکەیدایە کە بەرهەمی (چاپخانەی کوردستان)، بەهەشتیی (موکریانی)یە. بەشێک لە وێنەکانی منیش هەر ئەوانە بوون و گەورە کرابوون، هەرگیزیش بە مەبەستی پەرستن هەڵم نەواسیبوون. ئەو کەڵەمرۆڤانەم خۆش ئەویست و بووبوون بە بەشێک لە دەروبەرم، لەبەرئەوە چواندنەکەی مامۆستام پێ جوان نەبوو و هەر زووش تێگەیشتم کە ئەو زانیاری و توانستی لێکدانەوەی شاش و تەنکن، بەڵام هەمانکات بەو هێرشە بۆ سەر جیهانەکەم ڕاچڵەکیم و وام لێکدایەوە کە دیارە ئەبێت وێنە، چ میکانیکی (فۆتۆگراف) یان نیگاری دەستیش، هەڕەشە بن بۆ سەر دەسەڵاتی ئایین و کەوتمە ئەوەی کە هەوڵ بدەم لەوە تێبگەم بۆ ئێمە هێندە لە وێنە



دیدەوانی (کشافە) قوتابخانەی دووەمی سلێمانی، سلێمانی، ١٩٣١.
سەرچاوە: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە، شاری سلێمانی، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، لاپەڕە ٤٠٠

ئەسڵەمێینەوە؟ لەکاتێکدا چەندین ڕەوتی ئایینی وێنە بەشێکە لە چەکی دەستیان وەک کاسۆلیکەکان، هیندۆسەکان، تەنانەت شیعەکانی ئیسلامیش کەڵکیان لە وێنەی ئیمامی عەلی (سڵاوی خوای لێ بێت) وەرگرتووە. تا بەو دواییانە قسەیەکی (جەی. جەی، گۆکس)م کەوتە بەر دیدە کە کورتکراوەکەی وا ئەبەخشێت: «جوولەکایەتی وێنەی ڕەت کردەوە تا خۆی لە دایکپەرستی بە دوور بخاتەوە، گەرچی کریستیانە پرۆتستانەکان خۆیان لێ پاراست کەچی کاسۆلیک بەپێچەوانەوە»[١]

ئێمە سەرەڕای ئەو فەرهەنگە کۆڵەوار و چەواشەیەی کە بە میراتی لە خوێندنەوەی نادروستی ئایینەوە بۆمان مابۆوە، خۆیشمان ئەوەندە سەرکوتکراو و داپڵۆسێنراوین، ئەستەمە توخنی ئەو بابەتە کەوتبین.

مامۆستا هاوار (١٩٢٣–٢٠٠٦) لە (کوێرەوەری و بیرەوەری)دا، ١٩٨٤[٢] ئاماژە بۆ ئەوە ئەکات کە وێنەکێشانی مرۆڤیش لە سەردەمی منداڵی ئەودا ئاچوغ نەبووە و هەرکەس وێنەی مرۆڤێکی کێشا بێت، پێیان وتوە ئەبێت لەو دنیا گیان بکەیت بە بەریدا و هاتوون سەریان قرتاندووە!

لێرەوە سەرەڕای ئەوەی وا بە دەر ئەکەوێت کە تا یاساغتر بووبێت ئەو زۆرتر برەوی پەیدا کردووە، هەمانکات ئەوەیش ئەسەلمێت کە فۆتۆگراف دەقە، دەقێکی زیندوو کە هەناسە ئەدات، بۆیە لێی ئەپرنگێینەوە!

پیرەمێردی نەمر لە (کزەی دەروون)دا، کە وەک سینەماتۆگرافەرێکی[٣] کارامە، مەنزڵ بە مەنزڵ دوای ئێڵی جاف ئەکەوێت و پێناسی جوگرافیا و باری کۆمەڵایەتیی ڕەشماڵی جاف ئەکات، کەچی بەوەشەوە تێر ناخوات، وێنەی چەسپ لە (پەریخان) ئەخوازێت و دەستەودامێنی دوواوان ئەبێت:

ئەگریم و ئەڵێم تۆ وەک ئاوێنەی
بۆ شوێن دەستکردی کردگار وێنەی
بۆچ پێم نانوێنی وێنەی فۆتۆگراف
وێنەی شیرینی نازدارانی جاف؟!

پیرەمێرد ئەزانێت کە ئاو چەشنی ئاوێنە (ئاو- وێنە)، هەمیشە دەستکردەکانی خودایی تێدا ئەدرەوشێتەوە. ئەی کە وایە بۆ وەک کامێرای فۆتۆگراف ناکارێت؟، بۆ دوواوان وێنەیەکی (پەریخانی جاف)ی ناداتێ کە خۆی و گشت نازدارانی جاف تێکڕا وەک نموونەی دەستکردی پەروەردگار لە لێوارەکانیدا بە شەدەی لار و سەرپۆشی کەتانەوە بەچەشنی هەمیشە گوڵی بەهار گیرسابوونەوە و شەوانی مانگەشەو جێگەی تێکەوتن و مەلەیان بووە؟!

پیرەمێرد ئاگادارە کە (وێنە ئاو) وێنەیەکی کەمخایەنە، وەلێ هەرچی فۆتۆگرافە تۆکمە و بۆ تاهەتایی ئەمێنێتەوە! ئەو دڵنیایە کە فۆتۆگراف، وردەکاری ئەپارێزێت و تۆمارێکە لەبەر ڕاستی هەڵگیراوەتەوە، ئەوکات بە هەڵگرتنی وێنەکەی وەک ئەوە وایە (پەریخان) لەبەر چاودا هەمیشە ئامادە بێت، کەی ویستی لە بەرباخەڵی دەری بێنێت و تێی بنوارێت و (بۆنێکی بکات)! ئەوە ئاسانترە، مایەی گوێزانەوە و هێنان و بردنە!

دواتر دەورانی فەلەک بە جۆرێکی دی ئەگەڕێت، ئێڵی جاف بارگە لێک ئەنێن و کۆچ ئەکەن. پیرەمێرد بە یادی



قوتابییانی قوتابخانەی دووەمی سلێمانی ـ سلێمانی، بە جلوبەرگی وەرزشەوە.
سەرچاوە: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە، شاری سلێمانی، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، لاپەڕە ٤٠٠

جارانەوە ئەگاتە مەنزڵ، بەڵام کە خودی فۆتۆگرافیش مەیسەر نابێت، پەنا بۆ سەرچاوەی ئاو ئەبات، ئەی بەڵکە ئەو جامەکەی لا مابێت و فریای بکەوێت!

توخوا ئاوەکەی بۆن گوڵاوەکە
بۆ سەرچاوەکە کەمێک لاوەکە
بروانم ئاخۆ جامی فۆتۆگراف
نیشانم نادا وێنەی ئێلی جاف؟!

مەخابن نائومێد لەوەش ئەگەڕێتە دواوە و ئەبینێت هەموو ئەوەی بینیبونی نەخشی سەر ئاو بوون و ئەمێستا لەبەر چاو نەماون و لە جێی ئاوەدانی وێرانەیە.

نەء، ئەو دەبدەبە و سەر ئەو سەرئاوە
ئێستا ئەفسانە و نەخشی سەر ئاوە

کەواتە پیرەمێرد دووجار ویستی لەم تەکنیکە سوودمەند بێت، جارێکیان بۆ ئەوەی تۆمارێک بۆ داهاتوو بچنێتەوە پێش ئەوەی لەبەرچاو ون بێت. دووەم جار دوای تێپەڕبوونی زەمانە، بەڵکە لەوەوە ڕابوردووی بێتەوە بەر دیدە و یاد!

کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە وێنەی فۆتۆگراف ئەڵێن (عەکس) و بە وێنەگریش (عەکاس)، کە دیارە مانای سەرچاوەی وشەکان (ڕەنگدانەوە) ئەگرێتەوە، وەک چۆن ئاوێنەش هەمان کار ئەکات و «وێنە»یەکی بەرامبەرت ئەداتە دەست!

ئەمە ڕاستییە و ئەمێستا چەندین دیمەنی فیلمی هیندی لە ئەندێشەمدان کە تێیاندا ئەندامانی خێزانێک ئەچنە بەردەم وێنەی باب و باپیر یاخود دایک و داپیر و لەگەڵیدا ئەدوێن. هونەر سەلیم لە *ڤۆدکا لیمۆن*، ٢٠٠٣دا کە ژیانی کوردەکانی ئەرمینیا بەرجەستە ئەکات، بیری ناچێت وێنەی ژنی، (مامۆ)ی بێوەپیاو لەسەر کێلەکەی، بە تەکنیکێکی سینەمایی مڕ و مۆچ بکاتەوە و خێسەی پێ لە (مامۆ)ی کۆنە مێردی پێ بکات کاتێ تێ ئەگات، وا ئەفەنی مرخێش مرخێش خەریکە لەگەڵ (نینا)ی کۆنەژنی پیاوێکی هاوگۆڕستان و دراوسێ گۆڕی دەست تێکەڵ ئەکات. لە یەکێک لە دیمەنەکانی فیلمەکەی سەدیق بەرمەکی، *ئوسامە*، ٢٠٠٣دا، کە بەسەرهاتی کیژێکی منداڵی باوککوژراو بەرجەستە ئەکات، ئاهەنگێکی بووک و زاوایەتیی ئەفغانی زەمانی تاڵەبان نیشان ئەدرێت، کە تێدا وەک ئەوەی ژنان بە جودا ئاهەنگ ئەگێڕن و زاواش لە جەنگە و لەباتیی خۆی، وێنەیەکی گەورەکراوی براوەتە لای بوکێوە و دانراوە. کەواتە ئەمە لە زۆربەی فەرهەنگەکاندا هەمان کاریگەریی خۆی هەیە.[٤]

## وێنە وەک بەڵگە

زۆرجار وێنەپارێزی لای ئێمە سەرئێشە و ئەنجامی خراپیشی لێکەوتۆتەوە و هەمیشە وەک بەڵگەی حاشاهەڵنەگریش مایەی سەلماندن بووە. واوەیلا بە حاڵی ئەو کچە کڵۆڵ و نەگبەتەی کە وێنەیەکی ئارەزوومەندانە لە باخەڵی کوڕێکی هەرزەکاردا ببینرایە! لەلایەنی ڕامیاریشەوە دەسەڵاتداران هەمیشە ویستویانە کە بیکەنە بیانوویەک بۆ دۆزینەوەی هەر پەیوەندییەک لەنێوان خەڵکی مەدەنی و بیروباوەڕی ڕامیاری، ئایینی و کۆمەڵایەتیدا. بۆیە لەلای کورد ڕەنگە تا ڕاپەڕینیش ئەوەندەی وێنە کە بە دەرەوە بووبن ئەوەندەش لەترسوبیمدا لەناوچووبن و سووتێنرابن. کەچی هێشتا کەسانێکیش هەبوون باجی گرانیان لەسەر داوە، بە نموونەی ئامانجی مامۆستا ئەحمەد غەفوور کە لە مەنعی تەجەولی ١٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٥ سێمانی، کە لەسەر وێنەیەکی مامە ڕیشە گیرا و هەر ئەو ڕۆژەش شەهید کرا. من دڵنیام شەهیدەکانی ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣[٥] ئەیانزانی ئەو وێنەیەی کە ئەخرایە بەردەمیان کە تفی

تێ بکەن کۆپییەکی ڕاستی (مەلا مستەفای بەرزانی)یە ، بۆیە ملیان کەچ نەکرد، ئەوە بوو تەنیا ئەوانەی کە تفیان تێ نەکرد، لە جێدا شەهید کران.
ڕەوای هەقە بوترێت، کە یەکێک لە هەرە چاکترین بەکارهێنانەکانی کامێرا لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەماندا، ئەو کۆمەڵە وێنانە بن کە مامۆستا غەفوری ئەمین ئەفەندی، زیرەکانە، بە نهێنی لە کاتی هەڵدانەوەی گۆڕەکانی شەهیدانی حوزەیرانی، ١٩٦٣ی سلێمانیدا گرتونی. کە دواتریش لەلایەن ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤی نێودەوڵەتییەوە وەک بەڵگەی حاشاهەڵنەگری گەلەکوشتاری دژ بە کورد بەکارهێنران.

کامێرا... کامێرا... کامێرا
گەرچاوی هاودەمی کامێرا نەبووایە
کێ بەژنی باران و غوربەتی ئەم کۆچەی ئەبینیم؟!
گەر چاوی ئێشکچی کامێرا نەبوایە
کێ ڕەنگی پەڕیوی ئێوارەی ئەم کۆستەی ئەبینیم؟![6]

## چۆنمان ئەڕوانیە فۆتۆگراف؟

هەر لەمنداڵییەوە فێر بووبووین کە وێنەیان ئەگرتین، قاچەکانمان جووت بکەین، قۆڵەکانمان بە شاقوڵی بۆ خوارەوە درێژ بکەین، تا ئاستی مەچەک توند بە لەشمانەوە بیاننووسێنین و لەوێوە بەدوا بە گۆشەیەکی ٣٠-٤٥ پلەکی لەپمان بە ڕەپی بۆ دەرەوە بەرز بکەینەوە. جەژنانیش زۆرمان بەلاوە گرنگ بوو سواری ئەسپە تەختەکەی بەر دەرکی سەرا ببین و وێنەیەک بە تفەنگ و شەپقەوە وەک کاوبۆیەکان[7] بگرین. زۆرێکیشمان لە قۆناغێکی گەنجیدا حەزمان بەوە کردووە وێنەیەکی تایبەت بگرین و بە فشە و مەزەندەی خۆمان دوای شەهید بوون! کەسوکار بەتایبەت دایکمان لە باوەشی ئەگرێت و لە بەینی خۆماندا ئەمانوت «ئەمە بۆ چەترەکەم»!![8]
ئەمێستا کە ئەم چەند دێڕە ئەنووسم بەزمێکی خۆشی کاک سەمەدی مەلا ئەحمەدم دێتەوە یاد کە گوایا بە مێردمنداڵی داخڵی تیپی وەرزشی گەڕەک بووبوو، وتبویان: «سەمەد بچۆ وێنەیەکی خۆت بێنە»، ئەویش وەک ئەوەی وێنەی تاکی نەبووبوو، ناچار دانەیەکی بۆ بردبوون، بەختیار و خالیدی براشی لەملاو ئەولاوە وەستابوون![9]



مامۆستایان و قوتابییانی قوتابخانەی نموونەیی سەعادەت ـ سلێمانی ١٩٢٠.
سەرچاوە: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە، شاری سلێمانی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، لاپەڕە ٤٧٣

## من و فۆتۆگراف

کە باسی فۆتۆگراف دێتە پێشێ، من دەمودەست نینۆکە مۆربووەکانی پەنجەکانی دەستی وێنەگرەکان، ژوورە سوورەکانی وێنەشتنەوە، بۆنە ترشباوەکەی ستۆدیۆکان، ئەسکەمیل و کەرەوێتە لاکێشەکان، پەردە تافتە ڕەنگاوڕەنگەکان، پەراوێزی پاقلاوەیی ڕەشوسپیی سەکۆ تەختە دروستکراوەکان. بۆینباخە بەستراوە، گرێ چەور و تاهەڵکێشە حازرەکە، شەپقە سەختیان و عەینەکە بەترپەنەکەم دێنەوە بەر دیدە کە هەندێ خاوەن ستۆدیۆ بۆ موشتەرییەکانیان دانابوون، ئاردەداری ڕۆکراوی زستانانی سەرزەوی ستۆدیۆ شێدارەکانم بیر ئەکەونەوە. ئاوێنە گۆشە تاریک و بەڵغگرتووەکەی کە لە بەردەمیدا، دوای هەموو سەرداهێنانێک، سەیرێکی کونەلووتەکانمان لێوە ئەکرد، لێو تەڕکردنەکان، سنگدەرپەڕاندنی بەردەمی کامێرا، سەر پێجوڵاندنەکەی کە وێنەگر بە دەستە سارد و توندەکانی خۆی بە گرتنی چەناگە و پشتی سەرمان پێی ئەکردین. ئەو یەکەم پرسیارەم بیر ئەکەوێتەوە کە لە ستۆدیۆ وێنەگر لێی ئەپرسین: «کارەبات ئەوێت یان فلاش؟» کارەبا دینارێک بوو، فلاشیش چارەکە دینارێکی سەوز. من ئێستاش تێنەگەیشتم جیاوازی چییە جگە لە ڕتوش[10] کە بە گوێزان کڕاندن لەسەر جامەکە و دواتریش بە قەڵەمێکی خۆڵەمێشی بە گوێزان نووک داتاشراو لەسەر کاغەزەکە ئەیانکرد. ئەگینا هەر بە هەمان شانەی دان چڵکنی لە بێخەوە تا نیوە نوقمی چەوری و کرێشاوی ستۆدیۆکان سەرمان لەبەر ئاوێنەکە دائەهێنا و هەمان پنت و بڕی گڵۆپ و ڕۆشنایش دائەگیرسێنران.
من هەر زانخواز[11] بووم و هەمیشە ئەمویست بزانم ئەو سندوقانە چین لە بەردەمی دائیرەی مەعاریفدا[12] دەستیان پێدا ئەکەن، ئەوە بۆچی وێنەکان سەرەوخوار هەڵئەواسن، ئەی ئەو سەتڵە ئاوانە چین لە بەردەستیاندا؟!

## وێنەگرەکانی شارەکەم

بەشێک لەو ستۆدیۆیانەی لە سلێمانیدا بە بیرەوەریی منن، ستۆدیۆی یەحیا فەندی ڕەسام، شەقامی مەولەوی؛ (نوری)، شەقامی کاوە، خوار ئەجزاخانەی شەوکەت؛[13] (ڕەفیق) شەقامی پیرەمێرد، بەرامبەر فریادگەی دکتۆر ئەوڕەحمان ڕیس، (گۆیژە) (خاوەنی شێخ بابە عەلی)، شەقامی پیرەمێرد، تەنیشتی دوکتۆر ڕیس و (مستەفا، خاوەنی شێخ مستەفا) شەقامی پیرەمێرد، بەرامبەر سەرا، (هونەر) شەقامی مەولەوی، تەنیشت سەرۆکایەتیی زانکۆ؛ (حەبیب) شەقامی کاوە، سەروو سینەمای دڵشاد؛ (ئەنوەر) شەقامی کاوە بەرامبەر سینەمای دڵشاد؛ (جەزا) شەقامی کاوە، خوار سینەمای دڵشاد؛ (یادگار) شەقامی گۆران، تەنیشت گەرماوی ئاری، (جوان) (شەقامی سابونکەران) نزیک گەرماوی موفتی؛ زیاد (شەقامی سەیوان)؛ (فەتحی)، کانیسکان، بازاڕە بچکۆلە؛ مبارک، ئاسۆ ...تاد بوون.
بە سەرنجێکی ساکارانە دەرئەکەوێت

کە ئەم ستۆدیۆیانە زۆربەیان لەسەر شەقامە سەرەکییەکان بوون، نزیکی دامودەسگا دەوڵەتی و فەرمانگەکان، ڕێڕەوی هاتوچۆ و گیرسانەوەی خەڵکی لادێنشین لە شاردا، نزیک بە سینەماکان، گەرماوەکان، کەبابخانە و شەربەتخانە، نەخۆشخانە و دەرمانخانە و یان ئەو شوێن و بازاڕانەی کە ئەوان ڕوویان تێکردوون؛ ئەگینا بەدەگمەن لە چەقی بازاڕی سەرەکیی شار بن کە قەرەباڵغیان لەسەر بووە.

## کامێرا و دەری ستۆدیۆ

زۆرینەی ئەم خاوەنپیشەیە جگە لە کاری ستۆدیۆ، وێنەگری گەڕۆکیشان هەبوو کە ئەچوونە ماڵان بۆ وێنەگرتنی خێزانی، ئاهەنگ و شایی، یان بەردەرکی سەرا، سینەما، شانۆ، یانەی شەوان، یاریگای وەرزشی، قوتابخانەکان، سەیرانگاکانی وەک ئەزمڕ، سەرچنار، چەق چەق، باخی بەختیاری، تابین، کۆتەڵ، قەشقۆڵی و سەرای سوبحان ئاغا و ئەحماوە و هەموو ئەو شوێنانەی کە لە جەژنەکان و بۆنە نەتەوەییەکاندا خەڵکی ڕوویان تێ ئەکردن. ئەمە بەزۆری بە وێنەی ڕەش و سپی ئاسایی بوو کە وەرگرتنەوەی ١-٧ ڕۆژێکی پێ ئەچوو، زۆرجار هۆکاری درەنگشتنەوەشیان بەوە ئەگەڕاندەوە کە فیلمەکە تەواو نەبووە! لە ناوەڕاستی ١٩٧٠کانیشەوە کە ڕەنگی پەیدا بوو بە بیانووی ئەوەی کە فیلمەکان ئەنێردرێن لە بەغدا بشۆرێنەوە زۆرتریان ئەخایاند! ناخۆشترین کاتیش ئەوکاتە بوو کە ئەچویت و خاوەنستۆدیۆ ئەیوت: «فیلمەکە سووتاوە»!، ئیتر سا یان پارەکەی ئەدایتەوە، یاخود ئەیوت «وەرە ڕەسمێکی ترت بۆ بگرم»!؛ بەڵام ئەمە لە شتنەوەی وێنەی خێزانی و فیلمی کامێرای خودیدا نەهامەتی و کارەساتێکی گەورە بوو کە بە هیچ کلۆج قەرەبوو نەئەکرایەوە، کە زۆرجار بەهۆی نەشارەزایی دەرهێنانەوەی فیلمەکەوە لە ژووری ڕووناک لەلایەن خاوەنستۆدیۆوە بەرپا ئەبوو، کە دواتریش هیچت لە بەرامبەردا بۆ نەئەکرا!

## پۆلۆراید (فەوری)

لە ڕۆژانی شۆڕش ١٩٧٤–١٩٧٥کانیشەوە کامێرای پۆلۆراید (فەوری)ش پەیدا بوو، کە دیارە یەکەم جار لە ڕێگەی ئێرانەوە هاتنە بەر مەیدان و دواتر لە ١٩٨٠کاندا نرخەکەی لەنێوان ٢٥–٥٠ دینارێکدا جێگیر بوو. مۆدێلەکانی ئەم جۆرە کۆنیکا، کیستۆن، مینۆلتا، کۆداک و فوجی... تاد بوون. وێنەی پۆلۆراید کە جامی نەبوو، ئەبوو تۆزێک لەسەری بوەستایە و وێنەگر چەند خولەکێک بەدەستیەوە ڕایەوەشاند و جۆرێکیشیان دواتر کاغەزە سەرتوێژەکەی لەسەر ڕائەماڵی و فووی لێ ئەکرد. ئەم تەکنیکە نوێیە، کەڵکێکی زۆری بۆ پێشمەرگەش هەبوو، لەوانە یەکەم: پێویستی بە ناردنی فیلم نەئەکرد بۆ شار بۆ شوشتنەوە و مەترسی بخاتە سەر، هەڵگری فیلم و وێنەی شۆردراوە. دووەم: سەرئێشەی بۆ ستۆدیۆ و خاوەنتاقیگەکان دروست نەئەکرد، کە دیارە لە ژێر چاودێریی توندا بوون. سێیەم: یەک کۆپی لێ دەرئەچوو، کە ئەگەری لەبەر شوشتنەوەی لەلایەن میریەوە لێ نەئەکەوتەوە، تا دوایی کەسانی ناو وێنەکە، (چ پێشمەرگە و ڕێکخستن چ کەسوکار) یەک بە یەک بدۆزرێنەوە و شوێنییان هەڵبگیرێن. چوارەم: جێبەجێ و دەستبەجێ بەرهەمەکەی ئەدا بەدەستەوە، هەمان کات گەر وێنەکەیش (خراپ) دەربچووایە، ئەتوانرا لەبری هەر لە جێدا وێنەیەکی تر بگیرێت. پێنجەم بۆ وێنەگرتن پێویستی بە وێنەگرێکی پسپۆر نەبوو جگە لەوەی کە ئەتوانرا بە دانانی پارچەیەک تێپ لە بەردەمی لایەکی هاوێنەکە. وێنەکانی ئەم کامێرایانە بە چەند جارێکیش بگیرابانایە، بۆ نموونە نیوەی وێنەکان بە شێوەیەک و بەشەکانی تریشیان بە شێوەیەکی تر، واتە ئەتوانر وێنەیەکی تێکەڵ دروست بکرێت. بەڵام ئەم وێنانە لایەنی خراپیشیان هەبوو وەک ئەوەی لەبەر نەپەرژانی چاکەهەڵگرتن و نەزانینی پاراستنیان لە شێ و ڕووناکی و گەرما زۆرێکیان ماوەیەک دواتر ڕەنگەکانیان بەرەو تێر بوونەوە، یان هەندێ جار کاڵبوونەوە و عەدم بوون ئەچوون.

## بازرگانی بە وێنەوە!

هەندێک لە وێنەگرەکان وێنەی ئەکتەرە بەناوبانگەکانی فیلمە میسری، هیندی و زۆرانبازییەکان، بەپێی دۆخی ڕامیاریش وێنەی سەرکردەکان و قارەمانانی گەلیان بە ژمارەی زۆر ئەشوشتەوە و ئەیانهاویشتنە بازاڕەوە، بە نموونە، شێخ مەحمود، سەرۆک بارزانی، مام جەلال، مارگرەیت، بە بسکە ڕەش و جلکە پێش مەرگەییانەکانیەوە، وەلی ئەبو شوارب، عەبەی مەلا، مامە ڕیشە... تاد گۆرانیبێژە کوردەکانی وەک، مەزهەری خالقی، حەسەن زیرەک و ماملێ، بە سەر و بەستە موکریانییەکانیانەوە، ئەمجا عەلی مەردانیش لەلای کاک نوری، خاوەنی ستۆدیۆ هونەرەوە بڵاو بووەوە. وێنەی پاڵەوانەکان، شاعیران، یاخود ڕابەرە ئایینیەکان وەک شێخانی بیارە، (کاک ئەحمەدی شێخ)... تاد! گەرچی لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئەوە ڕاست بکرێتەوە کە ئەو وێنەیەی کە بە ناوی ئەو زاتە پیرۆزەوە سالانی ١٩٨٠کان بڵاو کرایەوە ئەوە وێنەی (شێخ مستەفای نەقیب)ە کە من بزانم کوڕەزای بێت و بە هیچ جۆر وێنەی کاک ئەحمەدی شێخ نەبوو، ڕۆحم بە قوربانی.

ئەم جۆرە فێڵ و چاوبەستانەش جار بە جارێک لەلایەن کەسانێکی ناپسپۆر و بێویژدانەوە سەریان هەڵئەدا و خەڵکی لێیان بێ ئاگابوون. وێنەکارێک سەرەتای ١٩٧٠کان وێنەیەکی ڕەش و سپی بڵاوکردەوە کە گوایە لە کەنارێکدا وێنەی (بارە پیچەوانەکەی) حۆریەکی دەریای لەسەر لای چەپ کەوتووی گرتووە؛ کە بریتی بوو لە ناوقەد بەرەوخواری ڕانەکانی ئافرەتێکی لاق ڕووت، کە ناوقەد بەرەو ژووریشی ماسی بوو.

ئەم وێنەیە ماوەیەک سلێمانی پێ خەریک کرا و کەم ماڵ هەبوون لە پاڵ وێنەکانی عەدنان قەیسی نەیانبێت. وێنەیەکی تر کە پیاوێکی زۆر قەڵەو بوو، لەسەر لا قنگە و تلۆر لێی کەوتبوو، لە (کتێبخانەکەی شێخ ئەنوەر)دا ئەفرۆشرا لێیی نووسرابوو، (شفتەڕۆ) کە ئەو عەیام بەلامەوە جوانترین ژێرەپلار بوو.(١٤)

# ئەسڵی مەخسەد

پار چلەی زستانێ کە لە وڵات بووم نیوەڕۆیەک هاوپۆلێکی منداڵیم کە ئێستاکێ، لە خواری بازاڕی ئاسنگەران، نزیک بە خومخانەچییەکان پیشەی دەڕابەچییە، باوەشی پیاکردم و وتی: «ئاوات گیان تۆ قایمکاری، ئەرێ ڕەسمی منداڵیمان نییە پێکەوە؟». منیش وەک ئەوەی شتێکم پێ شک ئەهاتێ، پەیمانم دایە. دوای چەند ڕۆژێک کۆپییەکم لەم فۆتۆگرافە و دانەیەکی دی بۆ برد، کوڕەی تایەن ئەتوت خەڵاتی لە بەهەشتەوە بۆ چووە و ئەوەندە لای خۆش بوو کردیە هەرا و زەنایەک، چی دراوسێ دوکان و ئەو ناوە بوون هەموویانی لە خۆ کۆکردەوە!

سەرەتا با ئەوە بڵێین کە ئەم فۆتۆگرافە تۆمارێکی وێنەیی قوتابیانی پۆلی شەشەمی، قوتابخانەی کوردی سەرەتایی کوڕانە. شوێن: سلێمانی، گەڕەکی سەرشەقام بەرامبەر شیوەکەی جوولەکان و کاتیش خشت، نێوان ئۆکتۆبەری ١٩٧٠ و مانگی ئەپریلی ١٩٧١ە. یەکجاری با لە ڕێوە ئەوەش دیار بکەین، کە دەستە ڕاست مەبەست دەستە ڕاستی تەماشاکار و خوێنەرە بەو پێیە چەپیش. ڕیزەکانیش لە بەردەمەوە یەکەم کە لەسەر زەوی دانیشتوون دەست پێئەکا و بۆ سەرەوە تا شەشەم کە بەپێوە وەستاون، ئەچن.

ئەو هاوپۆلە دێرینەم (جەزای سمایل ئیبراهیم)ی ناوە و دایکیش باجی مریەمی ڕەحمەتی بوو. ئەو ئەوەتا لە پێنجەم ڕیزدا، لە ناوەڕاستدایە و لە هەردوو سەرەوە چوارەمە. هاتمەوە ئێرە کۆپییەکیشم بە دیاری نارد بۆ (ئیکرامی ئەحمەدی مەلا ساڵح)، سێیەم ڕیز لە دەستی ڕاستەوە، چوارەمە. ئەو ئێستا لە دانیمارک ئەژی و سەرنووسەری ماڵپەڕی (پێنووسی کورد)ە. دوای چەند ڕۆژێ ئیکرام تەلەفۆنێکی بۆ کردم و وتی: «ئاوات بەشەرەف لەو ڕۆژەوە ئەو دیاریەتم پێگەیشتووە، خەوەکانم هەموو گۆڕاون، هەر دێم و ئەچم، لە مەکتەبی کوردی و لە ساڵۆن و هەیوانەکانی تەراتێنمە.»

ئیتر دووقۆڵی هەر بە تەلەفۆن یەک بە یەکمان بەسەر کردەوە. دواتر هەر ئەویش ڕووی لێنام کە بابەتێکی لەسەر بنووسم و منیش بەڵێنم دایە دریغی نەکەم؛ بەڵام با پێشەکی وەک ئەوەی دواتر لەگەڵ جەزادا بە تەلەفۆن شەنوکەومان کرد بڵێم کێن ئەوانەی لە وێنەکەدان، هەنوکە لە کوێن و چ کارەن؟!

## یەکەم ڕیز

لە پێشەوە دەستەڕاست بەرەو چەپ، ١ـ عەلی عەبدوڵڵا، دانیشتووی ئەڵەمانیا. ٢ـ عەتا چاوشین، چاککاری دروستکەری کارەبا، سلێمانی. ٣ـ هونەری جەمال بەختیار، هاووڵاتی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٧٥ وە.(١٥) ٤ـ خۆم (ئاوات)٥ـ سەروەر عومەر. ٦ـ باسیت کەریم، باوکی(نانەوا) بوو و دواتر دوکانی عەلافیان هەبوو. ٧ـ نەورۆز کەریم، برای باسیت. ٨ـ فەرهاد شێخ فەرەج.

## دووەم ڕیز

دەستەڕاست بەرەو چەپ،١ـ خەسرەو مارف، ماوەیەک پێشتر زەڕەنگەر بوو، ئێستا لە دوکانی ترشیاتی خالیدی حەمەئەمینی حاجی غەفور، کار ئەکات، ٢ـحسەین وەستا ئەبوبەکری پێڵاودروو، لەم دواییانەدا، شۆفێری تەکسی بوو. ٣ـ حەمە ئەحمەد قەرەداغی، (ناسراو بە هاوڕێ سوارە) پارێزەر لە شارەوانیی سلێمانی، ٤ـ بەختیار ساڵح ڕەفعەت. ئەندازیار و یەک لە ڕاپەڕێنەرانی کۆمپانیای کوردتێل. ٥ـ حەمە مەلا عەبدولکەریم، (برای شەهید عەلائەدین)، ٦ـ جەمیل عەبدوڵڵا، پزیشک، سلێمانی، برای عەلی عەبدوڵڵا. ٧ـ فازیل شێخ حسەین شێخ ئەوڕەحمانی گۆپیتە. بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی لە سلێمانی. ٨ـ جەزای شێخ حەمە ئەمین (ئێستا لە ئەڵەمانیا، گەڕاوەتەوە و لە سلێمانی گەراجێکی مۆدێرنی چاککردنی ئۆتۆمبێلی داناوە).

## سێیەم ڕیز

دەستەڕاست بەرەو چەپ، ١ـ غەریب شەریف، ڕێککاری ئۆتۆمبێلە، لە گەڕەکی حاجیاوای سلێمانی. ٢ـ غەریب ئەحمەد ساڵح کاکی، ناسراو بە (هیوا)، شەهید کرا. ٣ـ غازی وەستا کەریمی چەرخچی، لە ئەوروپا ئەژی. ٤ـ ئیکرام ئەحمەد مەلا ساڵح، ٥ـ سەلام، تا ئەو دواییانەش لە دوکانێکی مۆبێلیات خوار سینەمای دڵشاد کاری ئەکرد. ٦ـ یاسین ئەحمەد حەمەخان. ٧ـ محەمەد ئەحمەد، بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی، سلێمانی. ٨ـ ئاراس حاجی حسێن، ناسراو بە مامۆستا دڵشاد، شەهید کرا. ٩ـ لەتیف عەبدوڵڵا گەرمیانی، بەر لە ١٠ـ١٥ ساڵێک بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

## چوارەم ڕیز

لە ڕاستەوە بۆ چەپ، ١ـ جەلال حەسەن، شۆفێری تەکسی، سلێمانی. ٢ـ سمایل، خاوەنی دوکانی کەمالیات، سلێمانی. ٣ـ عەبدوڵڵا مەلا ساڵح، زەڕەنگەر لە ئەسحابەسپی، سلێمانی. ٤ـ سەدیق چاوشین، بە بنەڕەت خەڵکی دۆڵ بێشک، خاوەنی کارگەی بەخێوکردنی مریشک لە بازیان. ٥ـ جەلالی عەلی دەوڵەت، دانیشتووی سوید. ٦ـ جەمال ڕەزا، خاوەنی کارگەی ئەلەمنیۆم، تەنیشت نەخۆشخانەی ئەهلی چوارباغ، سلێمانی. ٧ـ ڕەفیق حاجی مستەفا، زەڕەنگەر لە شەقامی کاوە، سلێمانی. ٨ـ عومەر ئەمین سەعید عەبدوڵڵا ژاڵەیی، دەرچووی پەیمانگای تەکنەلۆجیی بەغدا، خاوەنی بەنزینخانە لە سلێمانی. ٩ـ ڕەفیق نوری، لەگەڵ باوکی لە چێشتخانەی نوری لە نزیک خومخانەچییەکان کار ئەکات.

## پێنجەم ڕیز

لە ڕاستەوە بۆ چەپ، ١ـ خالید کەریم، کارەباچی لە مەیدانی دارە سووتاوی سلێمانی. ٢ـ کەمال مام سادق. ٣ـ کەریم قادر، بۆیاخچیی ئۆتۆمبێل، سلێمانی. ٤ـ جەزا سمایل ئیبراهیم. ٥ـ حەسەن خەڵکی کەناروێ، ئاسنگەر لەگەڵ عومەری برایدا لای حەمامی سورەت، سلیمانی. ٦ـ کەمال. ٧ـ کەمال ئەشرەف قارەمانی، بەڕێوەبەری ناوچەی (قەرەداغ – شارەزوور).

## شەشەم ڕیز

لە ڕاستەوە بۆ چەپ، ١ـ بەرزان جەمال حەمە نەجم. ٢ـ کەمال شەریف. ٣ـ برایم حاجی غەفور، قەسابباشی لە سلێمانی. ٤ـ عومەر فارس. ٥ـ نگین حەسەن، دانیشتوی هۆڵەندا. ٦ـ قادر ئەحمەد موراد، خاوەنی کارگەی بلۆک لە ناوچەی پیشەسازیی سلێمانی. ٧ـ برایم کاک حەمە قادری چایچی، تا ئەو دواییانەش لەبەر دەرکی سەرا لۆقنتەچی بوو. ٨ـ تایەری مامە حەمەی قاورمەفرۆش، ڕێککاری ئۆتۆمبێل، گەڕەکی حاجیاوا، سلێمانی. ٩ـ محەمەد ئەحمەد، دراوسێی ماڵی هونەری جەمال بەختیار بوو، شۆفێری تەکسی، سلێمانی.

## بۆ ئەم وێنەیە؟

ڕاستییەکەی من بۆ خۆیشم وەک بڵێی شتێک بەم وێنەیەوە بەستبمێتیەوە وایە و تەواو لایشم عەیان نییە، چییە؟! هەستێکە تێکەڵ لە خۆشەویستی، خۆناسینەوە، سۆزێک بۆ ڕابوردوو. دوای تێپەڕبوونی ٣٧ساڵ گەر ئەم فۆتۆگرافە نەبووایە، ڕەنگ بوو ئێستا هەر ناوی مامۆستا، بەڕێوبەرەکەمانم و هەندێ لە هاوەڵەکانم بیربمایە و ئەستەم بوو ئەم نەختە وردەکارییانەم هەرگیز بیر بمێنێت کە وردە وردە لێرەدا شەنوکەویان ئەکەین. ئەی فۆتۆگراف بە میکانیک هەردەم ئەوە دووبارە ناکاتەوە کە هەرگیز جارێکی دی نایەتەوە بەر بوون، وەک ڕۆناڵد بارس بۆی ئەچێت.[١٦] ئەم تۆمارە وەک ئەوەی کە زۆر بیرەوەری ئەوروژێنێت هەمان کات قەتماغەی هەندێ برینیش هەڵئەکەنێت و زاخ پرژێنیان ئەکات.

ئەم نووسینە تەنیا هەوڵێکی بەراییە بۆ جۆرە خوێندنەوەیەکی نوێ، کە بەداخەوە تا هەنوکە تێیدا کۆڵەوارین و بیری لێنەکراوەتەوە. هەمان کات هاندانیشە بۆ ئەوانەی کە لە خۆیان ڕائەپەرموون، بەڵکە باسکی لێ هەڵماڵن و دەرگایەک بۆ بابەتێکی نوێی توێژینەوە بخەنە سەرپشت.

ڤیلم فلەسەر، ئەنووسێت: «هەرکەسێ توانای نووسینی هەبێت، ئەتوانێت بشخوێنێتەوە، بەڵام مەرج نییە هەرچی توانای وێنەگرتنی هەبوو بشتوانێت هێماکانی لێک بداتەوە»[١٧] بۆیە من لەم نووسینەدا هەوڵ ئەدەم جگە لە تەماشاکردن، لە دیدی خۆمەوە، خوێندنەوەش بۆ ئەم فۆتۆگرافە بکەم، هەروەک ئەوەی ئاشکرایشە کە ئەتوانرێت لە دیدی جوداوە جۆرەها خوێندنەوە بۆ ئەم وێنە و هەموو وێنەیکی دیش بکرێت. پێویستە بوترێت لەپێناوی ئەوەی یەکەم نووسینێک بۆ زۆربە جاڕسکەر نەبێت، ئاقاری باسەکە لێرەدا خوێندنەوەیەکی فەرمی نابێت، بەڵکە هەر لابەلا گەرەکە تەنیا بەشێک لە بنەما سەرەتاییەکانی خوێندنەوە بهێنرێنە بەر باس، دەنا ئەبێت لە جۆر، قەبارە، کەرەسە، هێڵ، پانتایی... تاد، بدوێم. گەرچی هەمان کات هەوڵیش ئەدەم خوێندنەوەکە ساویلکانە نەبێت. سیروان لێشت نەدەم هەر ئەمبەیت![١٨] بۆ ئەم باسە ئەم ڕووکەشە تەختە سارد و بێدەنگە وەک هەر دەق و بەڵگەیەکی دی، دێتە گۆ و لە ڕێگەیەوە سەرتوێژێکی تەنک لە مێژووی سەردەم ئەگرین. بەڵام نا ئەو بێدەنگ نییە، ئەو خۆی قسە ئەکات، ئەو زمان و ڕێزمانی خۆی هەن. ئەو مان ناگرێت و ئێمەش هەمان کات هەر نەبێت لە چوارچێوەی ئەم وێنەیەدا، کە دیارە ئەولاتر نازانین چی ڕوو ئەدا، شتێک ئەخوێنینەوە. ئەوەش یەکێکە لە جیاوازییە سەرەکییەکانی نێوان ئەوەی چاو ئەیبینێت و ئەوەش هاوێنکۆی کامێرا ئەیچنێتەوە. هەوڵیش ئەدەم تا ئەتوانم بابەتی (ئۆبجەکتیڤ)[١٩] و بێلایەن بم، بەڵام خۆ بەخوا ناشتوانم ، مەگەر ئێستاش ئەوە خۆم نیم کە تەختەکەی پۆلم بەدەستەوەیە و لێی نووسراوە، (پۆلی شەشەم، ١٩٧٠-١٩٧١)

من گەرچی زۆرتر لەگەڵ فۆتۆگرافی ڕەشوسپیدام، وەک ئەوەی ئەزانم کە پتر سۆزی ڕابردوو و نیشتمانم لەلا ئەوروژێنێت، بەراورد زۆرتر بەدەر ئەخات و زەمانەش ڕەنگی کەمتر لەسەر کاغەز و لە بیرەوەریشدا ئەچێنێتەوە. کەچی لەلایەکی دیکەوە ڕەنگەکانیش ناکرێت بێ بایەخ بکرێن، نەبوونیان هەندێ جار بە زیان ئەشکێتەوە. وەک هەر نەبێت لەم فۆتۆگرافەوە تێئەگەیشتم کە ڕەنگەکانی ئەوساکە چۆن بوون و چەندە لەگەڵ ئەمانەی ئێستادا لێک دوورن!

فلەسەریش ئەوەندە لەگەڵ ڕەشوسپیدایە کە لای وایە: «وێنەی ڕەشوسپی کۆنکریتترن لە وێنەی ڕەنگی و لەملایەنەوە ڕاستترن.... تا ڕەنگەکانیش ڕاستتر بنوێنن، زۆرتر لە ڕاستی دوور ئەکەونەوە و زۆرتر بیرۆکەی ڕەسەنی خۆیان ئەشارنەوە.[٢٠]

وێنەگرتن زۆرانێکی بەجۆشی نێوان کامێرا و وێنەگرە. داخۆ یەکەمیان توانای ئەو سنووردار ئەکات، یاخود دووەمیان کە وێنەگرە ئەو ئەبەزێنێت و ئەوپەڕی توانستی لێ زەوت ئەکات، تا بە نەوسنی چاوی خۆی زیت بکاتەوە و ئەنجام لە ڕێگەی میکانیزمی کامێراوە بتوانێت لە ڕاستی نزیک بکەوێتەوە، تۆمارێکی لێهەڵێنجێت و بەم وێنە تەکنیکییە بیخاتە بەردەم!

ئەم پرۆڤە بەردەوامە، کە ناوی (وێنەگرتن)ە، تەماشا بفەرموون (گرتن)، نەک(کێشان) یاخود (کردن)، ئەم تەکنەلۆجیا، هەردەم گچکە و ئۆتۆماتیککراوە، کە هەنوکە ڕۆژی دوو ملیار زۆرتر وێنەی پێ بەرهەم دەهێنرێت، ئەم ئامێرە دیموکراتە کە لە ١٨٣٩وە مرۆڤایەتی قەرزاربار کردووە و لە خۆشاوی توانای ئەنۆشێت، پێی ئەوترێت (کامێرا).

کامێرا بونیادی ئاڵۆزە، بەڵام بەکارهێنانی ئاسانە، ئەو تەواو بەپێچەوانەی شەترەنجەوەیە کە بونیادی ئاسانە و یارییپێکردنی ئاڵۆزە.» فلەسەر وای بۆ ئەچێت،[٢١] ئەم وێنەیەی ئێمە سەرەڕای «ساکاری» بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دیارە کە بەرهەمی کەسێکی پسپۆرە، نەک نەشارەزایەک هەڕەمەکییانە گرتبێتی. ٥٢ کورسیمان لە قوتابخانە لە کوێ بوو تا لەسەریان دابنیشین؟ فۆتۆگرافەر، زیرەک بووە، هەموومانی لەسەر قادرمەکان هەڵچنیووە، ئێمە هەرەمی لەسەر شانی یەکدی نەوەستاوین، بەڵکە زۆرتر وەک پوولەکەی ماسی لە دوای یەکتر ڕواوین! وێنەگر نانی لەسەر ئەوە بووە، ئاگادار بووە چی داوا لێکراوە بەدەری بخات، بۆیە زانیویەتی بۆچی ئەگەڕێت و کەوکوژی چی ویستوە مشتی لێخۆش کردووە، ئەمجا پەلەپیتکەی پێداناوە!

## بەراوردێکی سەیر!

من ئەمەم لە فۆتۆگرافەکەی سلێمانی، (قوتابخانەی نموونەیی سەعادەت ساڵی ١٩٢٠)شدا[٢٢] تاڕادەیەک بەدی کرد. گەرچی لەوێ کەس لەسەر زەوی دانەنیشتووە و کۆمەڵێک مەتەڵی سەیریش لەوێدا هەن کە ڕەنگە هەڵهێنانیان لێرەدا جێیان نەبێتەوە، هەر لە جلوبەرگی کوردی ئەوساکە و ئاگالێبوونی قوتابییەکان لە کرداری وێنەگرتن، تێکەڵوپێکەڵیی ڕیزەکان کە بە شەش، حەوت، هەشت...تا دەش ئەژمێردرێن. ئەوەتا لە وێنەکەی (کەشافەی قوتابخانەی دووەم، ١٩٣١)،[٢٣] ئەوانیش گەر دواکەسی لێدەربکەین لەسەری سەرەوە بە شەش ڕیز وەستاون، کەچی وێنەکەی خوارتری هەمان لاپەڕە (مەکتەبی دووەمی سلێمانی) چوار ڕیز لەسەر لا وەستاون و ڕوویان کردۆتە لای ڕاستی خۆیان. لێرەشدا کۆمەڵێک سەرەداو هەن ئەمەوێت لێکیان جوێ بکەمەوە، ئەم دوو وێنەیەی دواییان تەواو خۆ بۆ ئامادەکراون، دووەمیان لەبەر قاپی

و تەختەناوی قوتابخانەکەدا وەستاون، هەموو جلکی وەرزشی، هاوشێوە و (ڕەنگ)یان پۆشیوە، مامۆستا کە ئەویش جلوبەرگی هاوشێوەی قوتابییەکانیەتی، دیارە بە ویستی وێنەگر چۆتە نێوەڕاستی ڕیزەکانەوە، دوو ڕیز ئەملا و دوو ڕیزیش ئەولا بۆ ئەوەی هاوسەنگییەکە بپارێزێت. هەرهەموویان دەستیان لە پشتەوە ڕاگرتووە، ئەمە گەر هەر قوتابییەکان وابوونایە ڕەنگ بوو ڕێی تێبچێت مامۆستا پێی وتبن، بەڵام کە ئەدیترێت ئەویش وەک ئەوان دەستی لە پشتەوەیە، ئەوە ئەسەلمێت کە ئەمە ویستی کامێرابەدەست بووە.

هەرچی وێنەی دیدەوانەکانیشە، ئەوە جگە لە چونیەکی و هاوپۆشی بەرگەکان کە جگە لە ئەفەندی کە پێئەچێت بەڕێوەبەری قوتابخانە بێت، چونکە ئەوەی دەستەچەپی ئەو کە کەوتۆتە نێوان خۆی و خوالێخۆشبوو سمایلی حاجی حەسەنەوە لە مامۆستای دیدەوانی ئەچێت. ئەمان لەبری تەختەناوی قوتابخانە دوو ئاڵایان لە پشتەوە داناوە، دەستەڕاستی وێنەکە ئاڵای عێراقی پادشایی، چەپیش ئاڵای قوتابخانە. کە دیارە من بزانم ئاڵاهەڵگرەکانیش ئەوانەن کە لە بەردەمەوە و لە ئاستی دارئاڵاکاندا ڕاست و چەپ قایشیان لە خۆیان بەستووە. من ئەم دوو وێنەیشم بەرێکەوت بۆ چڕکردنەوەی باسەکە هەڵبژارد کەچی دەرکەوت ئەمانیش بەشێکن لە مێژووی ژیانی من. لە وێنەی دیدەوانەکاندا دووەم کەس لە لای چەپی دووەم ڕیز لەبەردەمەوە باوکمە. لەوەکەی وەرزشەوانەکانیشدا، چوارەم کەسی دواوەی ڕیزی دووەم لەلاچەپەوە هەر ئەوە و سێیەمیش لە پێشەوەی دووەم ڕیز لای ڕاستەوە قادری عەبدوڵڵا ئاغای ئامۆزایەتی. چون ئەو هەویرە ئاو زۆر ئەکێشێت، لەکورتی وازدێنم. ئەی من بڕیارم نەدا ئۆبجەکتیڤ بم؟!

## چی دیارە؟

لەم فۆتۆگرافەدا چەندین هێڵی ستوونی و ئاسۆییش بەدەر ئەکەون. هەندێک لەو هێڵانە قەراغی پایە و بنکەشیی بەردەکانن، کە تارادەیەک ڕاست و ڕێکن، هەندێکی دیکەیان دروست بوون بە نموونە، هێڵی ئاسۆیی ژێر پێکانی ئێمە لە ڕیزی پێشەوە. ئەمە گەرچی خواروخێچی تێدا هەیە، بەڵام پڕە لە وزە و جووڵە. کامێرا لەسەر خاڵێک زەق نەبۆتەوە بە تەنیا و هەموو بەردەمی بە یەک چاو تێنواڕیوە، واتە جێگەیەک لە جێگەیەکی دی بریسکەدارتر نییە. قووڵاییمان زۆر نییە و هەمووی بدەیتە دەم یەک، لە پشتەوە تا بەردەم ٦ مەتر نابێت. سێبەر کەمە و ڕووناکی یەکسانە، هەردوو لا تارادەیەکی بەرچاو پارسەنگن، واتە لایەکی وێنەکە لەوەکەی دی قورستر دەرناکەوێت، ئەوەتا مامۆستاکانیش هەر یەک لە لایەکەوە وەستاون، دەستەڕاست مامۆستای وانەی ئایین و عەرەبی مامۆستا (جەزای حاجی محەمەدی خونچەلە)یە، کە ئەوکات پێدەچێت ڕابەری پۆلیشمان بووبێت. دەستەچەپیش بەهەشتیی مامۆستا (عەبدوڵڵا میدیا)یە کە لەدوای مامۆستایان (کەریم زەند) و پێشتریش بەهەشتیی (عەزیزئەفەندی شاڵی) بووە بەڕێوەبەری نوێمان.

## چمحەل ئەم وێنەیە گیراوە؟

جەزا پێی وایە کە کاتی وێنەکەمان گیراوە دواوانە بووە و ئەو ڕۆژەش بەیانیان بووین، چونکە مامۆستا جەزاشمان لەگەڵە، کە وانەی عەرەبی و ئایینی پێئەوتین، ئایین و وەرزشیش هەمیشە دواوانە بوون.

قوتابخانەکەمان تەنیا کوران بووین و کچان (قوتابخانەی نزاری سەرەتایی کچان) بوون کە لەگەڵ ئێمەدا سێ ڕۆژ بەیانیان و سێ ڕۆژ ئێواران بووین. کاتی ئاوەژووکرنەوەی دەوامیش، ئەوانەی کە منداڵتر بوون و بەرامبەر توخمەکەی تر داخلەدڵ، دروشمەکانی «بەیانیان! گ.. نیوەڕوان بەدەمتان»! و بەپێچەوانەشەوە، کە گەر تێکەڵیش ئەبووین ئەیانوت «کچان لەناو کوڕانن، دایکی قالۆنچەکانن»!

## کێ ئەم وێنەیەی گرتووە؟

ئەم وێنەیە، گەرچی لەسەر خواستی بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانەکە گیراوە، بەڵام بە دیوەکەی تردا خوێندنەوەی کامێرابەدەستە بۆ کاتێکی دیاریکراو. مەخابن دڵنیا نیم ئەو کەسە کێیە و ناشزانم کەوتۆتە کام قوژبنەوە! ئەگینا بەڕێزەوە ئەچووم مۆڵەتی لەسەرگرتنەوە و بڵاوکردنەوەی وێنەکەم لێ داوا ئەکرد!! گەرچی جارجارەش وا مەزەندە ئەکەم، ناوی یان کاک (محەمەد) یان کاک (عەلی) بوو، ئەو کوڕە باڵابەرزە باریکەلانە ڕووخۆشەی کە کامێرا گەڕۆکەکەی، (ستۆدیۆ یادگار)ی (کاک عوسمان)ی بەدەستەوە بوو، کە ئەو زەمان لە بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتییەکانیشدا بەملاو ئەولادا ئەیگێڕا. من دڵنیام کە ئەو وێنەگرە (جەعفەر)ی ڕەحمەتی (ستۆدیۆ هونەر)ی کاک (نوری) نییە، کە ئەو دواتر بە ماتۆڕەکەیەوە زۆرینە بایەخی بە وێنەی زانکۆ و ناوچە ئارامەکان ئەدا. نەک سەرشەقام، کە تا ئەو زەمانیش بە (کۆریا) ناوبانگی دەرکردبوو. بۆیەکیشە وا ئەڵێم چونکە جەعفەر کاراکتەرێکی وای هەبوو کە مایەی بیرچوونەوە نییە. ئەو پشت کۆماوە و خڕیلانە بوو. سەرەڕای ئەوە گەر ئێمەش لە چاوی مامۆستا و بەڕێوەبەرەوە سەیر بکەین یاخود قوتابیانی ڕیزەکانی چوارەم و پێنجەمەوە ئەوا بۆمان دەرئەکەوێت کە کونی هاوێنەکە لە ئاستی چاوی ئەواندایە. لە کاتێکدا ڕیزەکانی پێشەوە سەرەوژوور سەیری ئەکەن و شەشەم ڕیزیش سەرەوخوار ئەنواڕن. بۆیە وا پێئەچێت، کامێرابەدەست پێتی چرکاندنی،[٢٤] لە ئاستی من دابێت و بە بەرزی سەری مامۆستا جەزا وەستابێت، یان نوکە چیچکەیەکی کردووە و چەند قولانجێک چۆتە دواوە؛ ئەبێت چووبێت، ئەگینا چۆن ٥٢ کەس لە چێوەیەکدا کۆ ئەکرێنەوە؟!

## چی ئەخوێنینەوە؟!

ئەم دەقە بە نووسین نییە، بەڵکە بە وێنە دۆکۆمێنتی کاتێکی تێپەڕی کردووە، ئەمە تۆماری چرکەساتێکی ڕاستەقینەیە کە فارس وتەنی: «گوزەشت!»، فۆتۆگرافەر بە کامێراکەی ئەو چرکەساتەی بەستووە، کە ناگەڕێتەوە و من ئێستا لەسەری ئەدوێم!

هەموومان لەسەر پێپلیکە نسرمەکانی بەردەم ڕاڕەوی ژووری مامۆستایان ڕووەو ڕۆژئاوا، کە دوانیوەڕوان بە دواوە هەتاوی تێئەکەوت، دانیشتوین. ڕاستییەکەی دانیشێنراوین! ئەگینا هەموو وا عال و سال نەبووین، بزێومان تێدا

بوو، چەتونیش، بێدەنگ و قۆشمەچی و حازرقسەش. دڵنیام یەکێکمان هەر وتومانە «با تۆزێ بۆن بەین لە خۆمان». هەموو ئەزانین وێنەمان ئەگیرێت، ڕەنگە گەلێکمان ویستبێتمان خۆمان پف بەین، یان دەمامکێ بپۆشین کە لەوە نەچین لەڕاستیدا بووین، بەڵام باوەڕیش ناکەم. ئێمە ئەو زانیارییە قووڵەمان سەبارەت بە کامێرا نەبوو، جگە لەوەش زۆرینە کوڕە هەژار و بێ مەڵامەت بووین، کەچی هەمان کات پێکیشەوە بە هەموو شتێکمان بەر جەستە کردووە، کە لێکدانەوەی ئەخایەنێت. بارسس وتەنی: (سەبجێکت) بووین بەڵام بووینەتە (ئۆبجێکت)، یان ڕاستترە بوترێت بوینەتە ئۆبجێکتی مۆزەخانە.[٢٥]

٥٠ قوتابی لە پۆلێکدا، ڕەنگە یەک و دووانیشمان ئەو ڕۆژە بزر (غائب) بن، لەناویاندا (کەمال) کە پورزا و هاوڕێی زۆر نزیکی (حسەین) بوو. داخۆ لە وانەیەکی پەنجا خولەکی، کە نیوەی بە تەختە کوژاندنەوە و قەیسەر قۆمی و ئامای[٢٦] مامۆستاوە ئەبرێتە سەر چەندی ئەمێنێتەوە بۆ گفتوگۆ و ڕادەربڕین، بە بەراورد لەگەڵ قەبارەی پۆلەکانی ئێرەکانێ و ژمارەی قوتابییەکان؟ ئاخر بۆیە لە کۆتایی ساڵدا ئەگەر هەموو هەفتەیەکیش سێ جار وانەی ئینگلیزی بخوێنێت و ئەگەریش هەرجار بە مسۆگەری ١ خولەکت بەربکەوێت، کە هەرگیز ناکەوێت و نەئەکەوت، بە هەمووی ئەکات و ناکاتە ٩٠ خولەک! جا ئیتر کورد وتەنی: «ئاو بێنە و دەست بشۆ!» تو ویژدان کامە قوتابیی بلیمەت ساڵێک ٩٠ خولەکی بۆ هەر وانەیەک پێ ببرڕدرێت سەری لێدەرئەکات و کە دەریشچوو، شتێکی بیر ئەمێنێت؟ بۆیە ئەو زەمان ئێمە شتەکانمان دەرخ ئەکرد و لە کۆتایشدا هیچمان لە هیچ!!

ئەمە دۆخی قوتابخانە و پۆلەکانمان بوون. ناوی یەکەمی زۆرینە عەرەبی بوون. جگە لە من، (فەرهاد)، (نەورۆز)، (سەروەر)، (هونەر)، (خەسرەو)، (بەختیار)، (ئاراس) و (نگین). ئیتر کەسی ترمان نەک تەنیا ناوی باوکی، ناوی کەسی خۆیشی کوردی نین. کەواتە لە کۆی هەر پەنجامان، هەر ٧ مان ناومان کوردیە. کە ئەکاتە ١٤,٥٪، خۆ گەر بێت و ئەمە مامۆستا، بەڕێوەبەر و کامێرابەدەستیشی بخەینە سەر ئەو ڕێژەیە کەمتر ئەبێتەوە. بێجگە



قوتابییانی قوتابخانەی کۆن وەی ڕۆد ـ بریتانیا، ساڵی ١٩٦٠
فۆتۆ: دیریک کۆمپیون

لە نازناوی بەڕێوەبەر، کە (میدیا) بوو، باوکی جەزا فەندیش (خونچەلە) و باوکی هونەریش کە (بەختیار) بوو. سەیرەکە لەوەدایە ئێمە نەوەی نوێتر بووین، ڕێکەوتێکی سەیرە، جیاش کرابووینەوە، ئەوەتا ئەوانەی ناوەکانمان عەرەبی نین، هەموو لە یەکەم و دووەم و سێیەم ڕیزدا دانیشتووین، تەنیا (نگین) نەبێت کە لە ڕیزی دوای دواوەیە. پێئەچێت ئەوانەی کە منداڵتر بوون و مامۆستاکانمان بە جوێتر لەوانی تر دایاننابین. من لەگەڵ هەندێکیاندا دیدەوان بووم، سدیق چاوشین، جەلال، جەمال ڕەزا. هەردوو ڕەفیق. هەروەها عومەر ئەمین سەعید ژاڵەیی. سەیرێکی تر لە وێنەکەدا ئەوەیە کە هەموو ئەوانەی کە شەهید بوون، یان کۆچیان کردووە، لە ڕیزی سێیەمدان. ئەوانەش کە تا درەنگ دەستیان لە خوێندن هەڵنەگرت لە ڕیزەکانی پێشەوەدان، ئەوەکانی دواتر زۆرینە بوونەتە کاسب و بۆ خۆیان ئیش ئەکەن. ئەوانەشمان کە لە دەرەوەی کوردستان گیرساوینەتەوە، هەر لە منەوە، ئەمجا ئیکرام و جەلال و نگین لەدوای دواوە لە هێڵێکی تا ڕادەیەک ستوونی دانیشتوین، سیانەکەی تریش هونەر، عەلی، غازی کەوتوونەتە لای ڕاستیانەوە!

دوو (محەمەد) لە دووەم ڕیز، دوو (غەریب) لە سێیەم ڕیز، دوو (جەلال) و دوو (ڕەفیق) لە چوارەم ڕیز، سێ (کەمال) لە پێنجەم ڕیز و دوو (برایم) لە شەشەم ڕیز چۆن لێک ئەدرێتەوە. مەگەر ئەوەندە بوترێت کە بە ڕیز لە پۆلەوە چۆن هێنراوین هەرواش لەسەر قادرمەکان وەک کۆمەڵێک ئینجانەی گوڵی لێکچوو لە تەنیشت یەکەوە ڕیز کراوین!

(ئیکرام) و (غازی) کە لە تەنیشت یەکەوە دانیشتوون، زۆر کۆک نەبوون و هەمیشە دانویان پێکەوە نەئەکوڵا، زۆرجار (جەلال حەسەن) لەسەر ئیکرامی ئەکردەوە. (نگین) لەگەڵ هەردوو برایم، (برایم حاجی غەفور) و(برایمی کاک حەمە قادری چایچیی)، پێکەوە لە تیپی باڵە و باسکەی قوتابخانەدا بوون.

ئەوەکانی بە زگماک کێشەی فیزیکی جودایان هەبوو، (عومەر فارس) بوو، کە هەر دەستێکی شەش پەنجەی هەبوون. محەمەد قەرەداغی (هاوڕێ سوارە)، پشتی کوڕ بوو. (تایەر) ملی لار بوو، (فەرهاد) و غەریب ( شەهید هیوا) سورکار و خاڵدار بوون.

محەمەد ( هاوڕێ سوارە) بە پاندانی مەرەکەب بە زۆری ئەینووسی و بەردەوام پاندانەکەی لێی ئەچوو، پێش هەموو دەستپێکێکی بە کاغەزێک نووکەکەی ئەسڕی و مەرەکەبی شینی بە کار دەهێنا، ئەو بەردەوام سپێڵی ئینگلیزی لەسەر ئەمدیو و ئەودیوی پەڕەیەکی ئینگلیزی هەشت قەد کراو ئەنووسی و ئەنووسیەوە تا فێر ئەبوو، عەلی (ئوچی)یشی پێبوو، (عومەر فارس) حەزی لە پاندانی جاف بوو بیکات بە گیرفانی پێشەوەی مرادخانییەکەیەوە، (عەتا) تێر ئەینووسی، پێنووسی قورقوشمی بە کار دەهێنا.

(خالید)، زۆرینە دەستێکی لە گیرفانی شەرواڵەکەیدا بوو کە پێنووسەکەی تێدا هەڵگرتبوو.

## بڕوانە ڕەنگم مەپرسە حاڵم!

زۆرینەمان ملمان لار و شان کزین و ئەڵێی خۆڵی مردوو کراوە بە سەرماندا. سەرنج بفەرموون چۆن دەست و قۆڵەکانمان لە باوەشەکانی خۆماندا مۆڵ داوە، کە هەردەم نیشانەی بڕوابەخۆنەبوون، شەرمۆکی و پارێزگاری تێدا بەرجەستەن. بەڵام ئەوەکەی دواوە (قادر) کە لە هەموومان بزێوتر بوو و لە سینەما ئیشی ئەکرد، چون بە باڵا و تەمەنیش لە هەمووان گەورەترە بڕوانە چەند زانایانە دەستەکانی لە پشتەوە ڕاگرتووە و ئەلعان، پاتریارکی(٢٧) تێدا ئەخوێنرێتەوە. ئەلهەقی ئەو هەندێ لە مامۆستاکانیش حسابیان بۆ ئەکرد! تۆ تەماشای ئەو بکە و من، یان ئەو و نەورۆز، ئەمجا بەراوردێکی ڕەخنەگرانە بکە. ئەو لە پۆلیشدا لە دواکورسی پەنا دیوارەکەدا دائەنیشت، جارجارە بۆ خۆهەڵکێشان لەناو خەڵکیدا بە ئێمەومانانی ئەوت: «ئەمانە هەمووی مناڵی بەردەمی خۆم بوون»!

چاوشکاندن ئەوە هەر مەپرسە، ترساندن ئەوە نان و ئاوی ماڵ و قوتابخانە بوو. «لە گەورەکان ڕێز بگرە»، «یەکێک لە خۆت گەورەتر بوو، ئەگەر لێشیدایت لەسەر چاکەتە و مەبۆڵێنە»، «درۆ (تەنانەت،سپیش) مەکە ئەگینا خوا چاوت کوێر ئەکات»... تاد!

## چی ئەبینی و چیش نا؟!

ئەوی لە وێنەیەدا ئەبینرێت هەر ئەو بەشەیە کە لە چوارچێوەی ئەم فۆتۆگرافەدا جێی بۆتەوە. ئەگینا بەئاستەمیش ئەولاتری نابینرێت، نازانی چی ڕوو ئەدات، یان دەیەکی چرکەیەکیش پێش و پاشی، چرکەی کامێراکە چی بووە و ئەبێت.

نە گوێمان لە تەپەی کوتینەوەی گوێسوانەی خانووە دراوسێکانە، نە زەنگەکەی قوتابخانە. خۆ قسە خۆشەکان، ناخۆشەکان نایەنەوە بەر گوێ. نە شیلەی ڕەحەتلقوم و پسکیتەکەی حانوتی قوتابخانە بە دەستە قڵیشاو و سەرمابردوو و باڵوکاوییەکەی هەندێکمانەوە دیارە، نە بۆ و هەناسەی دوای پارووە قاورمەی نۆک و کەوەرەکەی مام عەباس، لە دەممان دێت. خۆ بۆنی عەلادینە پاقوڕاوی و چاودڕاو و هەمیشە گرزەردەکان نایەنەوە بەر لووت. نە بۆنی بێستانەکەی ئەوبەر قوتابخانە، نە شیوە سەر نەگیراوەکەی جوولەکان. ئەی کوا حەیزەرانەکەی مامۆستا، داخۆ دواتر کێ چەرمەسەری و حەسیرمەیان ئەکرێت؟!

ئەمە تەنیا ڕووکەشێکی مەنگە، خۆ ئەگەر لە چوارچێوەکەشی بترازێین و شارلک هۆڵمزانە(٢٨) بە گەردبین سەیری بکەین ئەوا بە نموونە، پێڵاوەکانی مامۆستاکانمان، قوڕاوین. ئەوانەی ئێمەش لە ڕیزی پێشەوە زۆرینە لەوانەی ئەوان پاکتر نین، ئەمە بەڵگەیەکی چاکە کە بیسەلمێنێت کە کەس لە مامۆستاکانمان خاوەن ئۆتۆمبێل نەبوون، ئێمەش کەسمان باوک و دایکمان بە ئۆتۆمبێل لەبەر دەرگای قوتابخانە دانەبەزاندوین و ڕێگاوبانیش ئەوکات هەموو قیرتاو نەبوون. بەڵام لە لایەکی دیشەوە، وەک ئەوەی کە سێ کەسمان پێڵاوی کاڵمان لە پێدایە و منیش گۆرەویی سپی، ئەوە ئەوترێت کە ئەم وێنەیە ڕۆژێکی خۆشیان و سایەقەی ساماڵ گیرابێت.

## حازر بن... چرک!!!

جگە لە یەک دووانێکمان، هەموومان سەیری کونی کامێراکە ئەکەین. ئا... وابوو، کامێرابەدەست پێی ئەوتین: سەیری ئێرە بکەن! حازربن... و خرچەی لێهەڵئەسان.

هەموو ئەزانین وێنەمان ئەگیرێت، زۆرینە ئامادەین بۆ ئەوەی وێنەمان بگیرێت و پۆزێکمان نواندووە. ئەم وێنەیە ئامادەیی بۆ کراوە. هەموو بەتەواوی ئاگایی خۆمانەوە وەستاوین و کامێرابەدەستیش بۆ خۆی بە ئارەزووی خۆی گۆشەیەکی هەڵبژاردووە. ئەمە لەو فۆتۆگرافانە جیاوازە کە تێیدا بە نهێنی چرکەیەک دزرابێت و وێنەگیراو ئاگای لە خۆ نەبێت. بە نموونە، وێنەگیراوان لە خەودا بن، لە شەڕدا بن، لە شایدا، لە شیندا... تاد. بۆیەکیشە هێشتا بەکارهێنانی وەک بەڵگەنامە ئەبێت زۆر بەئاگاییەوە بێت، بەڵام سەرباری ئەوەش هێشتا دەقێکی دەوڵەمەندە و ئەتوانرێت چەندین خوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆ بکرێت!!

من سەیرم لە سەرنجەکانی جەمیل عەبدوڵڵا و عەلی عەبدوڵڵای برای دێن، ئەمانە زۆر زیرەک بوون، جەمیل زۆر بە شاشی و تێری ئەینووسی، هەرچی عەلیش بوو ئەو خۆشنووسێکی تەواو بوو، کەچی هەر ئەوان لەناو هەمووماندا سەیری کامێرا ناکەن. لەکاتێکدا (نەورۆز) و (باسیت) ئەوانیش هەردووکیان بران و تا ئاستێک تێنواڕینیان بەرەو کامێرا لە یەک ئەچێت کەچی شێوازی دەستدانانیان لێک جودایە، تۆ بڵێی ئەمە پەیوەندی بە بۆماوە و کرۆمۆسۆمەکانی هەر خێزانێکەوە هەبێت؟

## بەراوردێکی دی!

ئەو تەکنیکە باوەی لە کاتی وێنەگرتندا لێرەکانی بۆ خەندەچنینەوە ئینگلیز بە کاری ئەهێنێت، کاتێک کامێرابەدەست تێکرا لەگەڵ ئەوانەدا کە وێنەیان ئەگیرێت پێکڤە ئەڵێن: «چییس» و کشتەکی لێویان بۆ سەرێ ئەکشێت و وا ئەکات هەموو ڕووبەخەندە و دەمبەپێکەنین دەرئەکەون، لای ئێمە بوونی نەبووە و نییە! گەرچی ئەمە فێڵێکی ئازایانەی تێدایە بەڵام هەر نەبێت تا ئەندازەیەک هەمووی ئەخاتە یەک ئاستی خەنیبوون!

جا گەر پێوانەی زەردەخەنەش هەڵکشانی کەوانەی لێوەکان بن بۆ سەرەوە، تا بەلەمێکیان لێ دروست ئەبن، ئەبینی بە خودی بەڕێوەبەریشەوە کەمتر لە ٢٠ کەسێکمان ئەوەمان تێدا ئەخوێنرێتەوە. ئەوانەی ترمان لێوەکانمان یان لە بۆشن یاخود بەرەوخوار دەممان، قروقەپ داخستووە. لەکاتێکدا ئەبوو لەباتیی ئەوە شاد و گەش بنوێنین، کە وا خۆشی خۆشی وێنەمان ئەگیرێت و بەڕێوەبەر و مامۆستا ئەوەندە زیرەک بوون ئەم بۆنەیەیان سازاندووە. کەچی زۆرینە ئەڵێی گەمێکانمان نقوم بوون. تۆ سەیری جەزای شێخ حەمەئەمین بکەن کە تەغارێک بێتاقەتی پێوە دیارە. یان خەسرەو، ئەمە لەکاتێکدا هەموو بەیانییەک لە ڕیزدا یەکێکی خۆبەخش ئەم دێڕەی بۆ ئەوتینەوە.

ئەرێ ئەی لاو نەکەی هەرگیز کە مەئیوسی تۆ ژینت بێ
دەبێ هەردەم عەزمدار و دەوای دەرد و برینت بێ

ڕەنگە هەریەک لە ئێمە کێشەی کەسی و خێزانی خۆی هەبووبێت کە دیارە لەم فۆتۆگرافەدا بە دیار ناکەون، بەڵام بە دیوەکەی تردا ئەمە ڕەنگدانەوەی ئەو فەرهەنگەشە کە پێی پەروەردە ئەکراین، کە پیاو ئەبێت مۆن بێت، پێنەکەنێت، ڕەق بێت، لە خۆی گەورەتر دەرکەوێت، بێێشت نەخوا ئەگینا سمێڵی خوار ئەبێت... تاد. ئیتر کۆمەڵ بە نەزانی چەواشەی ئەکردین و ئەنجام هەندێکمان وا لە بەردەم کامێرادا پۆرخز دەرئەکەوتین! ئەگینا تۆ بە نموونە بەراوردی بکە لەگەڵ هەر وێنەیەکی دیکەی قوتابخانەیەکی سەرەتایی ئەم بەریتانیایەی ئەو زەمان و بنوارە!

## چیم بیرکەوتەوە؟!

ئەو بلوزەی لەبەرمدایە، ئەوە زەردێکی ئاڵی باغەییە، نەخشە پەرژینەکەی سەرسنگیشی سەوزێکی سنەوبەری تێر تێرە، کە بۆ ئەمرۆکە لەبەرکردنی ڕەنگە مانای تایبەت و جودای ڕامیاریش بگرێتە خۆ، بەڵام ئەوزەمان ئێمە ئەوەندە دڵساف بووین، ئەوانەمان بە هەند وەرنەدەگرت و «هۆشیاری» ڕامیاریشمان هێندە نەبوو. هەموو سەرمەستی ڕێکەوتنی ١١ ئازار بووین. نرخی ئەو بلوزەم دوو دینار بوو، و کراسەکەش کە ئەستوورێکی قەستورئاسای چوارگۆشەی ورد وردی شین و سوور و زەردە، وا تێدەگەم، ١،١٠٠م پێدابوو، هەردووکیشیان لای کاک زیاد حاجی مەجید کڕیبوومن کە دوکانێکی لە گۆشەیەکی لای خوارەوەی بازاڕی شووشە، کە ئەوساڵە دروستکردنی تەواو بووبوو، هەبوو. ناویان لێکەوە دوور بێت ئەوکات کاک زیاد هاوڕێی بەهەشتیی سیروان ئەحمەد خەفافی زاوا و پورزای دایکم بوو! من چەند جارێک بلوسەکەم بردەوە، ئەویش لەبەر ناسیاری بێمنەت، بە ڕووخۆشیتەوە بۆی ئەگۆڕیمەوە. تا دەرئەنجام بەو دوو ڕەنگەوە گیرسامەوە. تۆ بڵێی پێشبینی ئەم ڕۆژەم کردبێت؟ ئەمجا بە چی ئەچێت خۆ ئێستا دادم نادات! کێ باوەڕم پێ ئەکات و ئەویش بۆ خۆی فۆتۆگرافێکی ڕەشوسپییە!

من بیرم دێت ئەو شەوەی بۆ یەکەم جار لە بەرم کردن، شەوی جەژن بوو، لە بەرامبەر سانەوییی سلێمانیی کوڕان، لەگەڵ کاک نیازی هەم پورزا و هەم ئامۆزازامدا میوانی ماڵی بەهەشتیی مامۆستا ساڵح عەلی، پشکنیاری وەرزش و دیدەوانی[٢٩] بووین کە خزمایەتی لەگەڵماندا هەبوو. لەیادمە کاتێک لەوێ هەستام و گەڕاینەوە ماڵی خۆمان، هێشتا تەلەفزیۆنەکەیان گۆرانییەکانی، (جەژنە دیسان جەژنە)ی (نەوزاد داودە)ی لێئەدا کە لەگەڵ (سەلاح داودە) و (فائق داودە)دا، پەکێکی کوردیان بۆ تەلەفزیۆنی کەرکووک پێک هێنابوو. پانتۆڵەکەم ئەوەندە بایەخی نەبوو، تۆزێک کۆنتر بوو، کێشەم لەوەدا بوو، زۆرینەی جار سەر ئەژنۆکانی ڕەق ئەبوون، ڕێگەکەی قوتابخانەش ئەوەندە خۆڵاوی بوو لەخۆیەوە پەڵەی ئەگرت و هێندەش بە ئووتوی داغ و سەری عەلادین ئووتو کرابوون بریسکەی لێ پەیدا بووبوو.

بەڵام ئەوە بۆ ئەو زەمان زۆر بوو، من و (بەختیار)، جارجارەش (نەوڕۆز) و (هونەر)، پانتۆڵمان لە بەر ئەکرد. ئەوانی تر هەمیشە هەموو شەرواڵی کوردیان لەبەر ئەکرد و زۆرجار لەبەر دەرگا، گوێمان لێئەبوو هەندێ لە منداڵانی چەقاوەسووی گەڕەک بە: «داروڵاستیک»! هورایان لێ ئەکردین. ڕاستییەکەی وەک ئەوەی زۆرینە خەڵکی هەژار و کورە جووتیار و باخەوان بوون و بەچکە خوێندەوار و مووچەخۆرمان کەم تیا بوو، هەمانبوو تا یەک دوو ساڵێک پێشتر هێشتا بۆ قوتابخانە بیجامەی میلدار و جلکی دەرەوەیشی نابەڵەد و نابەدڵ تێکەڵ ئەکردن.

من ئەو ساڵە کاک نەوڕۆزی برای کاک نیاز، دوای ئەوەی کە بە ئەندازیار لە زانکۆی سلێمانی دامەزرا و پێش ئەوەی یەکەم مووچەی وەربگرێت، لەگەڵ خۆی بردمی لای بەرگدرووی (عوسمان و فایەق)، لەسەر شەقامی مەولەوی، پێکەوە سەر و قاتی ڕەشمان دا بەدورین، ئەوەکەی من بە قوماشەکەوە، ١١ دیناری تێچوو، دوو بەرۆک، دوو قلیش و بەرێکی سووری شەرابی کاڵی هەبوو، قۆپچەکانی لە قوماش خۆی کرابوون و داکوترابوونەوە.

**قم للمعلم و فيه تبجيلا**
**كاد المعلم ان يكون رسولا[٣٠]**

من لە پۆلدا لەگەڵ محەمەد قەرەداغی (هاوڕێ سوارە)ی ئێستا، دائەنیشتم. (ئەکرەمە فەندی) مامۆستای ئینگلیزیم، کە پیاوێکی گەنجی کورتەباڵای چاو سەوزی سوور و سپیی قۆز بوو، نازانم چ داخێکی لە دڵدا بوو بەرانبەرم، ڕۆژێکیان کوتوپڕ وشەیەکی لێپرسیم، بۆم حونجە نەکرا و نەکرا! نەگبەتی ئەو ڕۆژە قاتە ڕەشە نوێیەکەم لە بەردا بوو. مامۆستا هێنامیە دەری پۆل و بەرانبەر هەموویان ڕایگرتم وتی: «سەیریکەن ئەمە هەر بۆ خۆسکۆبکردن و خۆلووسکردن ئازایە». ئیتر کە واپێوتم من ئەوەندەی تر بە ناخی زەویدا ڕۆچووم و لە ئینگلیزی تۆرام و لەو ڕۆژەوە لە جلکی نوێش سڵ ئەکەمەوە و ئەزانم پێمەوەنایەت!

مامۆستاکەم لەکاتێکدا لە هەموو کەس باشتر ئاگاداربوو من تەنیا بێ بابی پۆلەکەمم و ڕەنگە ئەو شکاندنەوەیە لەسەرم تۆزیک سەخت بێت، هەمانکات نەیئەزانی مانای وانییە کە نەتزانی سپێڵ بکەی واتە ئیتر تۆ تەمەڵی و ڕاست و چەپێکم پیا بهێنێت! لێرە تێگەیشتم کە ئەمە وەک هەر جۆرە کەموکوڕییەکی تری جەستەیی لە بابەتی کەمبینی، گوێگرانی، هەناسەسواری وەهایە و ئەو قوتابییانەی کە سپێلکردن نازانن، بە ئینگلیز خۆشیانەوە، دەوڵەت زۆرتر خەریکیان ئەبن، بایەخی تایبەتیان ئەدرێتێ و لە تاقیکردنەوەکانیشدا کاتی زۆرتریان پێئەبەخشن. من گەر ئەمێستاش ئەو لایەنەم مابێت، بە نەنگی نازانم! خۆ ناشێت منێکی کورد لە (تۆنی بلێر)ی سەرەکوەزیرانی ئەمێستای بەریتانیا کە چەند جارێک هەڵەی سپێلیان لێ دۆزیوەتەوە، ئینگلیزیزانتر بم! لێرەشەوە من ناوی چەند کەسێکی زۆر گرنگیش ئەبەم لە مێژوودا کە ئەو گرفتەیان هەبووە هەروەک: چەرچڵ، جەنەراڵ پاتۆن، ئەدیسۆن، ئەنیشتاین، لویس پاستور، بیتهۆڤن، مۆزارت پیکاسۆ. لە سینەماشدا، ستیڤن سپیلبێرگ، تۆم کروس... تاد. کەچی پێناچێت ڕۆژێکیش مامۆستاکەیان ئەوەندە سووکایەتی پێکردبن کە ئەو بە منی کرد. دەنا دەستیان بە کەشکەڵانی فەلەکیشەوە بووایە، لەو پیشەیە نەدەمان، ڕەنگە بەڕێوەبەر و وەزیرەکانیشیان تووشی

گرفت ببوونایە و کورسییەکانیشیان لەقەلەقی پێ بکەوتایە!

بێ بەڵا بن ئێوە ئێمەتان چەواشە کردبوو، مامۆستای ئایین ئەیوت: «پاکو خاوێنی لە ئیمانەوەیە» و تۆش ئەوەتان لەسەر ئەکردین بە ماڵ!! بەڵام بە ویژدان قسە بکەم قوتابییەکان هیچیان، نەک بە تانوتەکەی مامۆستا پێنەکەنین، بەڵکە زەردەخەنەیکیشیان نەکرد.
ئاخر ئەو قوتابییانە دوارۆژ زۆر پیاوی گەورەیان تێدا دەرچوو، (غەریب وڵوبەیی)، واتە (شەهید هیوا)، پێشمەرگەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ئەو قارەمانەی لەگەڵ هاوڕێ گەمارۆدراوەکانی تریدا، بەهاری١٩٧٩، لە گەرەکی ئیدارەمحەلی بەرامبەر جوولەکان، واتە هەر خوار قوتابخانەکەی خۆمان، ملازم موحسینی بە سەختی بریندار کرد و دوای ئەوەی ئابلۆوقەکەی شکاندن، چەند شەوێک دواتر لە تەڵەی بەر ماڵی ناپاکێک لە سلێمانی شەهید کرا.

شەهید ئاراس (مامۆستا دڵشاد)، پێشمەرگەی حیزبی سۆشیالیستی کوردستان، کە ساڵی ١٩٨٢ لە بۆسەیەکدا نزیک عەربەت، زرێپۆشەکانی کەتیبەی ئەندازەی سەربازی ٤ی، تیپی ٤ سوپای عێراق شەهیدیان کرد، کە فەرماندەکەی عەقید (حاجی عەبولئیلاهـ)ی موسڵاوی ڕەگەز بوو. ئاراس خوشکەزای مامۆستا جەزا خۆی و (هاوڕێی نزیکی وەرزشەوانی شەهید محەمەدی عەلی سمایل، حەمەقەموور).
ئاگاداری (کەریم)یشم ، کە ماوەیەکی زۆر فەرماندەی کەرتی یەکی تیپی ٥٧ی سەگرمە بوو و چەند جارێک کە ئەو پێشمەرگە بوو لەو بنارە من بە سەردان چوومەتە ئەوێ و دیتومە. جگە لە (بەختیار) کە تا پێش ئەنفالیش لە تیپی ٥٧ی سەگرمە پێشمەرگە بوو. ئەمە جگە لەوەی تێکڕا هەموو هەر بە کەسانی چاک ناسراون و دەگمەن کەسێکیان تا ئێستاش مایەی گلەیی بووبێت لەناو گەلدا. ئەوە دیسانەوە خەریکە لە باسەکە دەرئەچمەوە، بۆیە هەر هێندە ئەڵێم: گەورەم مامۆستا من توانای لێبوردنم هەس، وەلێ بیرچوونەوە لەلام زۆر ئەستەمە!»[٣١]

## ئەنجام

لەو ساتەوەی نیپس وەک یەکەم کەس کە یەکەم فۆتۆگرافی دیت بارس وتەنی وەک بزانین دروست کرد، بوو،[٣٢] کامێرا و فۆتۆگرافەر زۆرانیانە، ئەم بەزمەیان تەواو نابێت، یەکەمیان ئەیەوێت هەردەم بچێتە پێش و دووەمیشیان ئەیەوێت بازیبەند و تەمەنی نوحی پێببڕێت. پرۆگرامی کامێرا بە جۆرێکە کە دەستەبەری تێگەیشتن لە توانستەکانی ئەکات، تا لە ڕێگەی میکانیزمی هەڵسەنگاندنی کۆمەڵەوە هەنگاو بنێت و بچێتە پێش. لەکاتێکدا مەبەستی فۆتۆگرافەر زانیاری پێبەخشینی تەماشاکارانە تا لە ڕێگەی وێنەکانیانەوە، خۆیان بە نەمری لە بیرەوەریی ئەواندا بهێڵنەوە. فلەسەر وا کورتی کردۆتەوە.»[٣٣] وایشە فۆتۆگرافەرەکەی ئەم وێنەیە نەک هەر خۆی، بەڵکە هەریەک لە ئێمەشی بە نەمری لەلای یەکدی هێشتەوە.
چەند خۆش بوو بەهۆی ئەم وێنەیەوە جارێکی دی لەگەڵ هاوڕێکانم تێکەڵ بوومەوە، ٣٧ ساڵ چووینەوە دواوە و وەک جاری جاران بێ لە ڕوتوش و وشەی (کاک) یەکترمان بە ناوی خۆمان بانگ کردەوە، ئاوات، جەزا، ئیکرام، هونەر... تاد.
سوپاس بۆ کامێرا... سوپاس بۆ ئەو داهێنانە بەنرخە. بریا بمزانیبایە ئەو ئامێرە نازدارەش ئێستا لەکوێیە کە ئەم هاوخوێنیەی منی سەلماند و توێژاڵێکی مێژووی نزیکی شارەکەمانمان پێ خوێندەوە؟! خۆزیا بمتوانیبایە ئەویشم دەست بکەوێت و لە ژوور سەرم هەڵیبواسم، دڵنیام ئەو مامۆستا ئایینیە بەڕێزە ئێستا تێئەگات بۆ!!
پابلۆ نێرودا، لە کۆتایی سروودی بەریندا،[٣٤] ئەڵێت: «لێرە بەدواوە ئەگەڕێمەوە وڵاتی خۆم... گەر هەزار جار لە دایک بم حەز ئەکەم هەر لەوێ لە دایک بم... گەر هەزار جاریش بمرم حەز ئەکەم هەر لەوێ بمرم... نزیک درەختێکی شۆخی چیای ئاند، کە نزیک بە شنەی شەماڵی شۆڕشی خواروەوە!» منیش بۆ ژیان و مردنی هەزار جارەم، هەر ژێر چوخمەکەی سەرشەقام، بۆ خوێندنیش هەر قوتابخانەکەی کوردیی سەرەتایی کوڕان، بەرامبەر شیوەکەی جوولەکان، هەڵئەبژێرم تا جارێکی دی و بۆ هەمیشە لەگەڵ، جەزا و ئیکرام و هونەر، ئاراس، سەدیق، هیوا و حەمە و تێکڕای هاوڕێکانمدا، تەراتێنم بێت!

## سەرچاوەکان


(١) ئاشنا، ئومێد، پیرەمێرد و پێداچونەوەیەکی نوێ بە ژیان و بەرهەمەکانی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠١

(٢) بێکەس، شێرکۆ، خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ، APEC ،سوێد، ١٩٩٧

(٣) ڕەشە، ئەکرەم مەحمود ساڵح، (نووسین و کۆکردنەوە)، شاری سلێمانی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، ١٩٨٧.

(٤) ڕەشە، ئەکرەم مەحمود ساڵح، (نووسین و کۆکردنەوە) ،شاری سلێمانی بەرگی دووەم، چاپی دووەم ، ١٩٨٩.

(٥) هاوار، کوێرەوەری و بیرەوەری، ١٩٨٤.

(6) Barthes, Ronald, Camera Lucida, Reflection on Photography, Translated by, Richard Howard, published by Vintage, 2000

(7) Flusser, Vilém, Towards a Philosophy of Photography,Edition Flusser, Volume III, Reaktion Books, 2000.


## پەراوێز

(1) Barthes, Ronald, Camera Lucida, Reflection on Photography, Translated by, Richard Howard, Published by Vintage, 2000, p 74- 75.

(٢) هاوار، کوێرەوەری و بیرەوەری، ١٩٨٤

(٣) سینەماتۆگرافەر: واتە ئەو کەسەی کە وێنەی فیلمی سینەما ئەگرێت.
سەرنجێکی لابەلا:
ئەبێت لە کورتی وازبێنین ئەگینا ئەم باسە، گەر بچینە سەر لێدوانی ئاو، ئاوێنە و فۆتۆگراف زۆر زۆرتر هەڵئەگرێت، بە نموونە ئەبێت لەوەش بکۆڵینەوە کە بۆچی گۆران ئەفەرموێت؟:
گیانە ئاوێنەش نیشانمان نادا ئیمڕۆ، بەیانی
ڕووی خۆمان وەک یەک لە یەک شێوەدا ئەبێ بیزانی
یان لە فیلمێکی وەک ئەنتۆنی مەنگیلا، *شاخی سارد، Cold Mountain*، ٢٠٠٣ کە باس لە چیرۆکێکی خۆشەویستی ئەکات لە دەمی شەڕی ناوخۆی ئەمەریکادا، تێدا ( ئادا) نییکۆڵ کیدمان لە بۆ زانینی چارەنووسی دەسگیرانەکەی لە لێواری بیرێکدا بەرەو پشت ڕایدێڵن و بە ئاوێنەیەک سەیری ناو ئاوی بیرەکە ئەکات، تا ئەوکاتەی وێنەی دەسگیرانەکەی ئەبینێت کە بەرەو لای دێت، یاخود ئەو نەریتەی فاڵچییەکانی لای خۆمان کە تێدا منداڵێکیان ئەبردە بەردەمی ئاوێنەیەک و کارەساتێکیان پێ ئەگێڕایەوە.
پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە (ئاوێنە) داهێنانی ساڵی ١٥٠٨ و پێشتریش هەموو کەس لەبەر ئاو خۆی گۆڕیوە، پرچی داهێناوە و چاوی ڕشتووە. دواتر ئەمە ڕەنگە بشمانباتەوە بۆ ئەوەی کە بزانین ئەم داهێنانەش چەندە کاری کردە سەر پێشکەوتنی نیگارکێشانی پۆرترەیتی کەسی و تاد...

بەڵام دیسانەوە ئەبێت زۆر دوور نەکەوینەوە و لێئەگەڕێم!

(٤) کورد ئەڵێت: «قسە قسە ئەهێنێت»! ڕۆژێک گلەیم لە بەهەشتیی کاکە فایەقی سەعۆل کرد و پێم وت: کە لە یەکێک لە پرسەکاندا سڵاوم لێکردووە، کەچی ئەو سووتاندویێتی و چاوی لێم نەبووە، کاکە فایەق دەستی کردە ملم و وتی: «من هەموو ڕۆژێک لەبەردەمتدا سەلامت لێئەکەم تۆ جوابم نادەیتەوە!»، وتم: «لە کوێ؟» وتی: «لە ستۆدیۆ جەزا»! کە دیارە مەبەستی ئەو ئەوە بوو کە من دوو وێنەی گەورەکراوم لە ستۆدیۆ جەزا هەڵواسرابوون، یەکێکیان لەدەرەوە و ئەویتریشیان لە ژووری.

من ئەوساکە ئەوەندە نەئەپەرژام کە ئەو وێنانە بۆ خۆم بکڕمەوە، لەم ساڵانەی دوایدا چوومەوە ستۆدیۆ جەزا کە کاک زاهیر خاوەنیەتی و ڕووم لێنا کە گەر بتوانێت ئەو وێنانەم بۆ ئامادە بکاتەوە لەگەڵ وێنەکەی شەهید هاوڕێی مەلا کەمال! کاک زاهیر وتی: «چەند ساڵ دامنان لە کوێ بوون، کەستان نەهاتن بەلایاندا ئێستا داوایان ئەکەیتەوە، من هەموویانم دڕاند و جامەکانیشم فەوتاندن»! ئەم قسەیە لای من وەک ڕێژنەیەک گوللە جەرگیان سمیم، هیچم بۆ نەوترا و بێدەنگ لە ستۆدیۆکەی هاتمە دەر.

(٥) من ئەم مانگەم بۆیە بە عەرەبی نووسیەوە، چونکە ئەو کارەساتە و شەهیدەکان بەو ناوەوە ناسراون.

(٦) بێکەس، شێرکۆ، خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ، APEC، سوێد،١٩٩٧، لاپەڕە ٣٥١–٣٥٢. تەواکردنی ئەو پارچەیەی ڕۆمانە هۆنراوەییەکەی هۆنەر بەم شێوەیەیە، کە دیارە ئەو لێرەدا پتر مەبەستی کامێرای ڤیدیۆییە:

گەر زارو گەر گەرووی کامێرا نەبوایە
کێ ناڵەی ئەشکەوت و کێ دەنگی دار بەڕوو
کێ نووزەی پەلکە گیای ئەبیستم؟!
گەر دەستی تەلیسمی کامێرا نەبوایە
ئازادیم بەو هەموو خوێنەوە چۆن ئەچوە ماڵانی دنیاوە؟!
گەر پەنجەی ڕووناکی کامێرا نەبوایە
ئەم کۆچە چۆن ئەبوو بەم مانگەو
ئەم خاچە چۆن ئەبوو
بەم پردە؟!
شۆڕشی کامێرا شۆڕشی بینین بوو
دژی چاو بەستنەوەی ئازادییم
شۆڕشی کامێرا شۆڕشی بیستن بوو
دژی دەم بەستنەوەی باهۆزم
شۆڕشی کامێرا شۆڕشی فڕین بوو
دژی باڵ بەستنەوەی هەڵبەستم.
شۆڕشی وێنەبوو.. بەرانبەر مت بوونی بۆشایی.
شۆڕشی دەنگ وڕەنگ .. بەرانبەر بێ دەنگی و بێ ڕەنگی.
شۆڕشی ژیان و نیشاندان .. بەرانبەر مردنو شاردنەوە
شۆڕشی ئەوین و گەیاندن .. بەرانبەر ڕزین و هێشتنەوە!
کامێرا.. کامێرا.. کامێرا
سوپاس بۆ کامێرا
بۆ چاوی کامێرا
بۆ دەنگی کامێرا
بۆ دەستی کامێرا
بۆ قاچی کامێرا و
سوپاس بۆ ئەوینی ناو دنیا!

تێبینی: ناوی ئەم بابەتەم لە دەستەواژەکەی ئەو بەشە هۆنراوەیەی کاک شێرکۆ بێکەسەوە وەرنەگرتوە. ڕێکەوتێکی سەیر بوو، دوای لێبوونەوەی بابەتەکە ئەو بەشەی هۆنراوەکەم هاتەوە بیر و هاتم بۆ زاخاوی باسەکە تێهەڵکێشم کرد و نووسیمەوە.

(٧) گەرچی کاو cow بە ئینگلیزی واتە مانگا، بەڵام کاوبۆی Cowboy بە کوردی گاوان ئەگرێتەوە. پێم چاکە لێرەدا ئەوەش بڵێم ئێمە تا هەنوکە بە پانتۆڵی چادری هەر دەڵێین پانتۆڵی Cowboy کەچی ڕاستییەکەیJeansە.

(٨) واتە چەتری ڕواڵەتی ئاسنی سەر گۆڕ.

(٩) بە ئینگلیزی، واتە Retouch ، د. خەلیل ئیبراهیم حەماش، د. ئیحسان عەبدولکەریم فوئاد، عەبدوڵلا فەرەج شاڵی، جەمال عەبدول محەمەد، محەمەد ئەمین هەورامانی، خزەیر شەحادە عەلی، (فەرهەنگی قوتابی) چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی پەروەردە، چاپخانەی دار الافاف ١٩٨٥، ل١٣ بە دوادەستپیاهێنانیش وەریگێڕاوە.

(١٠) من ئەمەم لە زمانی ئازادی عەریف مەحمود سەعیدەوە ئەبیست کە بۆ خۆی نزیک، هاوڕێ و دراوسێیان بوو، بەڵام ئازاد دەستێکی گەورەی هەبوو لە هەڵبەستن و ترش و خوێکردنی نوکتە و قسەگێڕانەوەدا. خالیدیش کە هاوڕێی هەردووکمانە هەروەها. ڕەنگە وا نەبێت، بەڵام ئەوەندە لام خۆشە کە بیگێڕمەوە، هیوادارم کەسم نەڕەنجاندبێت.

(١١) بەپێی (فەرهەنگی قوتابی) واتە: Curious فزولی.

(١٢) ئەوکات ئەوێ وەک بەڕێوەبەرێتیی پەروەردە وابوو، کەوتبووە بەرامبەر مزگەوتی گەورەی سلێمانی.

(١٣) (ستۆدیۆ نوری) وێنەیەکی ئیسحاق ئەنیشتاینی زانای گەورەی فیزیای بە گەورەیی هەڵواسیبوو، ئەوەی من بزانم کاتی خۆی مامۆستایەکی بیانیی زانکۆی سلێمانی قوتابیی ئەنیشتاین بووبوو و ئەو وێنەیەی بە دیاری دابووە مامۆستاکە ئەویش دابوویە ستۆدیۆ نوری کە وێنەیەکی لە بەر گرتبۆوە و گەورەی کردبوو.

شێخ مستەفا و شێخ بابەعەلی بران. کاک ڕەفیق برای شەهید (محەمەد قودسی)یە کە لەگەڵ سێ ئەفسەری هاوڕێی ١٩ حوزەیرانی ١٩٤٧ پێکەوە شەهید کران. وا تێئەگەم کاک فەتحی کوڕی مام یەحیا بێت.

(١٤) مەبەستم Captionی ئینگلیزیە، واتە ئەو چەند وشەیە کە پێناسەی فۆتۆگرافێک... تاد ئەکات. ئەم وشەیە لە، جەمال عەبدول، (فەرهەنگی ڕاگەیاندن)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، یەکەم چاپ،٢٠٠٤، لاپەڕە ٩٨، بە لا ناونیشان، ناونیشانی لاوەکی، لێدوانە پەراوێزە.... تاد نووسراوە. ڕەشید قەرەداخی، (فەرهەنگی ئازادی)، یەکەم چاپ ٢٠٠٦، دەزگای چاپ و نەشری ئیحسان، چاپخانەی اسوە، ل ١٤٤ دا جگە لە ماناکانی دی نووسراوە، سەرباس (وتار، بەند، لاپەڕە)، ڕوونکردنەوەی وێنەی ناو ڕۆژنامە و گۆڤار، سەرباس بۆ دانان... تاد. بەڵام وەک ئەوەی پەیوەست بە نیگار و وێنەی فۆتۆگراف زۆرتر وا باو بووە لە ژێرەوە بنووسرێت و هەندێ جاریش لە لاتەنیشت، بۆیە ڕەنگە وا گونجاوتر بێت لەم کایەیەدا بە ژێرەپلار، لاپلار، ژێرەتوانج، لاتوانج، ژێرباس و لاباس، لێکبدرێتەوە.

(١٥) (جەمال بەختیار)ی هونەرمەند لە دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ەوە بە خێزانی لە ئەمەریکا ئەژین. جگە لە پۆستەری شۆڕشگێڕانە، دیمەنی سروشتی و چەندین بابەتی تابلۆی جۆراوجۆر، چوار تابلۆی زەیتی ڕەنگاوڕەنگی بەناوبانگی ئافرەتی هەبوون کە چاپکرابوون و لە زۆربەی ماڵی کوردەواریدا کۆپییەکیان هەڵواسرابوو، دوادانەیان (شیرین تەشی ئەڕێسێ)، ١٩٧٢ە.

(16) Barthes, Ronald, Camera Lucida, Reflection on Photography, p4

(17) Flusser, Vilém, Towards a Philosophy of Photography,Edition Flusser, Volume III, Reaktion Books, 2000, p57.

(١٨) پەندێکی پێشینانی کوردە.

(١٩) ئۆبجەکتیڤ: واتە بابەتی، سەبجێکتیڤ واتە، خودی، ئەم دوو وشەیە زۆرجار لە نووسینی ئەکادیمیدا دێنە بەر دیدە لەبەر ئەوە بە چاکم زانی، شیکارێکی ساکاری بکەم.

(20) Flusser, Vilém, Towards a Philosophy of Photography, p44.

(21) Flusser, Vilém, Towards a Philosophy of Photography, p57.

(٢٢) دووەم چاپی، بەرگی یەکەمی شاری سلێمانی، نووسین و کۆکردنەوەی ئەکرەم مەحمود ساڵح ڕەشە، ١٩٨٧، لاپەڕ ٤٧٣

(٢٣) دووەم چاپی بەرگی دووەمی شاری سلێمانی،١٩٨٩ ،لاپەڕە ٤٠٠

(٢٤) بە ئینگلیزی (Vantage Point)

(25) Barthes, Ronald, Camera Lucida, Reflection on Photography, p13.

(٢٦) قەیسەر قۆمی: واتە چاولەڕێی، ئاما: واتە هاتن.

(٢٧) واتە باوکسالاری.

(٢٨) کەسێتییەکی ئەندێشەیی چیرۆکی پۆلیسی ئینگلیزییە، گوایە لە ٢٢١ب- بەیکەر ستریت لە لەندەن ژیاوە. ئێستا ئەو شوێنە مۆزەخانەیەکە بە ناوی خۆیەوە.

(٢٩) ساڵی ٢٠٠٢ پێشنیارم بۆ کاک شێرکۆ بێکەس کرد کە بۆ 'ڕۆڤار'، ناوی بخاتە لیستی بەسەرکردنەوەوە بە پێودانگەی کە یەکەم پەڕتووکی کتێبی دیدەوانی نووسیوە، هەروەها دوو بەرگی یارییە میللییەکانی کوردیش، لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر شیعری بڵاونەکراوەی کوردی و عەرەبی. جگە لە ڕۆڵی بەرچاوی لە پێشخستنی وەرزش و دیدەوانی لەسەر ئاستی قوتابخانە و شاردا، بەڵام تا ئێستا ئاگادار نیم کە ئەمە جێبەجێ کرابێت.

(٣٠) دێرێکی بەناوبانگی شاعیری کورد نەژادی، گەورەی میسری، (ئەحمەد شەوقی)یە.

(٣١) ئەمە دەستەواژەیە لە سەرۆک نیلسۆن ماندێلاوە فێربووم!

(32) Barthes,Ronald, Camera Lucida, Reflection on Photography, p 4.

(33) Flusser, Vilém, Towards a Philosophy of Photography, P 45-46.

(٣٤) یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری بەیانی سەرەتای ساڵانی ١٩٧٠کان، وەرگێڕان، سەلام محەمەد، بە داخەوە، ژمارەی گۆڤارەکەم لەبەر دەستدا نەبوو و گەلێک لەمێژیشە نەمخوێندۆتەوە.

لەندەن، مارتی ٢٠٠٧

awatnamiq@hotmail.com